# کاریگەری پرۆگرامێکی فێرکاری پاڵپشت بە چالاکی هونەری بۆ گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانی بوون لە لای منداڵانی باخچە

**ID No. 419**

(PP 131 -153)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.9

**رازاو ابوبکر علی** **سلوی احمد امین**

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Razaw.Ali@su.edu.krd salwa.ameen@su.edu.krd

07503888389 07504583918

**وەگـــــــرتن : 2022/07/19**

**پەسندکردن : 2022/08/31**

**بڵاوکردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی بەهای هاونیشتیمانیبوون لەلای منداڵانی باخچە ، وەتوێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە کە دەگونجێ لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەو ئامانجەکانی ، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتووە لە منداڵانی ئاستی دووەمی باخچە حکومیەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر ، وە نمونەی توێژینەوەکەی پێکهاتووە لە (30) منداڵ کوڕ و کچ لە تەمەنی (5-6) ساڵان لە هەردوو باخچەی منداڵانی ( ڕەنگین و نسار) ی حکومی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر ، وە ئامرازە ئامارییەکانی بەکارهاتووە بریتییە لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و تاقیکردنەوەی تائی T.test و هاوکۆڵکەی بەیەکەوە بەستنی پێرسۆن و هاوکۆڵکەی ئەلفاکرونباخ، وە توێژەر گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە ئاستی بەهای هاونیشتیمانیبوون لەلای منداڵانی باخچە نزمە ، وە لە کۆتایی توێژینەوەکە توێژەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان گەیشتە هەندێک پەشنیارو ڕاسپاردە کە پەیوەستن بەو توێژینەوەی ئێستا.

**کلیلی وشەکان:** پرۆگرامی فێرکاری ، چالاکی هونەری، بەهای هاونیشتیمانی بون ، باخچەی منداڵان.

## 1-ناساندنی توێژینەوە

### 1-1 پێشەکی توێژینەوە:

قۆناغی منداڵێتی زۆر گرنگە لە ژیانی مرۆڤ ، چونکە لەو ماوەیەدا تۆوی دەستپێکو سەرەتای کەسێتییەکەی دەچێندرێتو چەکەرە دەکاتو ئاراستەو مەیلو ئارەزوو و ڕەفتارەکانیشی هەر لەو ماوەیەدا دەستنیشان دەکرێت، قۆناغی باخچەی منداڵانیش لە باشترین ماوەکان دادەنرێت بۆ فێرکردنو بەدەستهێنانی ئەزموون لای منداڵ، ئەوەش لە ڕێگەی کارو چالاکییە هەمەڕەنگەکان، کە کار دەکەنە سەر پێکهاتەی چەمکەکانی منداڵو تێرکردنی حەزی زانینی شتەکان (حب الاستطلاع)و فێربوونی چەندین ئاراستەی ڕەفتاریانە، چونکە قۆناغی منداڵێتی بە قۆناغێکی زێڕین دادەنرێت بۆ ئەوەی منداڵ تیایدا فێری چەمکەکانو زانینو زانیارییە پەیوەستەکان بێت بە وابەستەبوونو هاونیشتیمانیبوون و گەشەپێدانی توانستەکانی لە بوارە جیاوازەکاندا، لەبەرئەوەی هەستکردن بە هاونیشتیمانیبوون ، هەستێکە لە ڕێگەی زانینو ژیان لەگەڵیدا گەشە دەکات، ئەمەش پێویستی بە دوواندنی ویژدانی منداڵ هەیە.

بۆ بونیادنانی کەسایەتیی تاکو پێکهێنانی هوشیارییەکەیو ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانی قۆناغی منداڵێتی لە گرنگترین قۆناغەکان دادەنرێت ، چونکە تاك لەم قۆناغەدا بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریو ئاراستەکردنو پێکهێنانەوە، بەدەستهێنانی خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی هاونیشتیمانیبوونی باش کە وای لێ دەکات لە ئایندەدا ببێتە ئەندامێکی بە سوود لە کۆمەڵگەکەی، کۆمەڵگەی عەقڵو زانستو زانین، سەرباری دەستەبەرکردنی کارلێكو گونجانی لەگەڵ پێشهاتەکانی سیستەمی نوێی جیهانی لە ئێستاو ئایندەدا.

ئاراستە هاوچەرخەکانی بواری پەروەردەی منداڵان لە لایەن قوتابخانەکانەوە، بایەخێکی گەورەیان هەیە، ئەوەش بە هۆی بەرکەوتنی منداڵ بە ورووژێنەرە هەستەوەرییە جیاوازەکانو بەدەستهێنانی چەمکی گونجاو کە وای لێ بکات خۆی بگەیەنێتە ڕەوڕەوەی ئەو پێشکەوتنە بێئەندازەیەی لە ڕووی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای زانستی هاوچەرخەوە هاتۆتە ئاراوە، تاکو کاتی زۆری بە

هەدەر نەدرێتو وزەو توانایەكی زۆری عەقڵیشی بە فیرۆ نەڕواتو بەر لەوەی بگاتە تەمەنی قوتابخانە زۆرێك لەو ئەزموونانەی هەیەتیشی لەدەست نەدات. (صليوه، 2005: 15).

پەروەردەی هونەریش یەكێكە لە بابەتە پەروەردەییە گرینگەكانو بە شێوەیەكی ئەرێنی كار لە سەر ئاراستەكردنی رەفتاری فێرخواز دەكات، ئەو تەنها ئامانجی بەدەستهێنانی زانینو زانیاریو گەشەپێدانی كارامەییەكانی وەكو: وێنەكێشان، یان بڕینو پارچەكردن، یاخود رەنگكردن نییە، بەڵكو ئەو بزوێنەری بنەڕەتیو سەرەكیی توانستە نوێیەكانی فێرخوازە لە میانی رێكخستنو گونجاندنی بیرۆكەكانیو دواتریش داهێنانە نوێیەكانی كە هەستی گشتی بە جۆرێك بەرز دەكاتەوەو وای لێ دەكات توانای هەمواركردنی رەفتاری بە شێوەیەكی ئەرێنیو بە ئاراستەی خۆیو دەوروبەرەكەی هەبێت، تێكڕای ئەوانەش لە میانی تێڕوانینو سەرنجێكی داهێنەرانەی هونەری كە فێرخواز بەدەستیان دەهێنێت دێتەئاراوەو داین دەبێت ( **122**: Daignault,1996).

لە سۆنگەی ئەوەی قۆناغی باخچەی منداڵان قۆناغێكی گرنگو هەستیارە لە تەمەنی منداڵ، بۆیە مامۆستایان بایەخ بە گەشەپێدانی منداڵ دەدەن لە هەموو لایەنو بوارەكانو گەشەپێدانی كارامەییەكانی، ئەوەش لە میانی چەندین چالاكیو ئەو یارییانەیشی كە منداڵان لەو قۆناغەدا حەزیان لێیەتیو ئارەزووی ئەنجامدانی دەكەن، كە بریتین لە چالاكیی هونەری بە هەموو شێوەو جۆرەكانییەوە (وێنەكردن، رەنگكردن، كارە دەستییەكان، بڕینی وێنە، گۆرانی گوتن، نواندنی رۆڵی كەسانێتر، گێڕانەوەی چیرۆك لە لایەن چیرۆكخوانەوە، چیرۆكی هەمەڕەنگ، شانۆی بووكەڵەكانو..تاد)، بە جۆرێك منداڵ لە رێگەیەوە توانای بەدەستهێنانی زانیاریو چەمكەكانیشی بە شێوەیەكی باشترو سەرنجڕاكێشو چێژبەخشتر دەبێت، لەبەرئەوەی منداڵ لەو قۆناغەدا بە شێوەیەكی نائاسایی بە ئارەزووی خۆیو بێ هیچ زۆر لێكردنو پاڵەپەستۆ، یان دڵەڕاوكێیەك فێر دەبێت.

هەر مرۆڤێك لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا پێویستیی بە بڕێكی دیاریكراوی ئەزموون هەیە بۆ ئەنجامدانی چێژی جوانكاریو هونەرییانە، چونكە ئەو كاتێك سەرقاڵی رێكخستنو جوانكردنی كەلوپەلی ماڵەكەی دەبێت، یان جلوبەرگ دەكڕێت، یاخود هەتا ئەو كاتەی جلوبەرگەكانیشی لەبەر دەكات، یان نان دەخوات، یاخود مامەڵە لەگەڵ ئەوانەی دیكەدا دەكات، ئەو لەو حاڵەتانەدا رووبەڕووی جۆرێك لە چێژی جوانكاری دەبێتەوە، ئاستەكەیشی لەسەر ئەو ئەزموونی جوانناسییەی راوەستاوە كە هەیەتی، كاتێكیش تاك هەوڵی چێژوەرگرتن لە تەماشاكردنی كارە هونەرییە شێوەكارییەكان دەدات، یان بینینی شانۆگەرییەك، یاخود چێژوەرگرتنو گوێگرتن لە پارچە موزیكێكو..تاد، لەو حاڵەتانەشدا رووبەڕووی جۆرێك لە چێژی هونەری دەبێتەوە. (الحيله، 2002: 56).

لە قۆناغی سەرەتای منداڵێتیدا پشتبەستن بە گەورەكان كەم دەبێتەوەو زیاتر پشت بە خودی خۆی دەبەستێت، هەر لەو قۆناغەشدا لە ژینگەی ماڵەوە بەرەو ژینگەی دایەنگەو باخچەی منداڵان دەگوازێتەوە، لەوێشدا لەگەڵ ژینگەی دەرەكیو دەوروبەری دەست بە كارلێك كردن (التفاعل) دەكات ، هەر لەو قۆناغەشدا كرداری گەشەی كۆمەڵایەتیو بەدەستهێنانی بەهاو ئاراستەكانو دابو نەریتە كۆمەڵایەتییەكان دەست پێ دەكەن. (الهنداوي،2002، 92).

(سلامه، وعبدالقادر، 2000) ئاماژە بەوە دەكەن كە "زۆر پێویستە بایەخ بە بەرنامەی پەروەردەیی ئامانجدار بدرێتو پێشكەشی منداڵانی باخچەی بكەن، ئامادەكردنەكەیشی لەبەر رۆشنایی چەمكی هاونیشتیمانیبوونی باش بێت، ئەوەش لە پێناوی چاندنی بەهای وابەستـــــەبوونو دڵسۆزییـــــــەكەی (الانتماو والولاو)". (سلامه، وعبدالقادر، 2000: 18).

بەهای هاووڵاتیبوونیش پرسێكی دەروونیی كۆمەڵایەتیو پەروەردەییە، گەڵاڵەبوونو بەرجەستەبوونیشی لە سەر ئاستی كەوتنە ژێر كاریگەریی هەلومەرجی بونیادی كۆمەڵگەییو قۆناغە مێژووییەكانەوە بەستراوەتەوەو راوەستاوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئاستی پەیبردنو دركپێكردنی تاكو هوشیاریی بەرانبەر پرسەكانو گرفتە ناوخۆییو دەرەكییەكانی نیشتیمانەكەی، كە ئەو دركپێكردنو پەیبردنە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە جیاوازیی هەیە، هەر ئەمەش وای لەوانە كردووە كە بە تایبەتی سەرقاڵی ئەنجامدانی بەرنامەكاریی پەروەردەیین، بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەو چەمكە گرنگە بكەنەوە بەو پێیەی ئەوە مەیدانو گۆڕەپانی پەروەردەییەو بوارێكی بە پیتە بۆ چاندنی تۆوی ئەو چەمكەو ئەنجامدانو گەشەپێدانیشی لای تاك، بە ئاستە جیاوازەكانی فێربوونو خوێندەواریشەوە، چونكە دامەزراوەكانی گەشەی كۆمەڵایەتیی خێزانو قوتابخانەو باخچەی منداڵان، رۆڵێكی گرنگ لە گەشەپێدانو بەهێزكردن لە رەفتاری منداڵدا دەبینن، هەر بۆ نموونە باخچەی منداڵان بایەخ بە گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون دەدات، ئەوەش لە رێگەی دەرچەو دەروازە جیاوازەكانییەوە، كە گرنگترینیان پرۆگرامەكانی خوێندنو ئەو مەشقو راهێنانانەی گیراونەتەبەرو بەكاردەهێنرێن، سەرباری چالاكییە هونەرییەكانو كەشی ئاساییو خۆش تیایاندا.

هاونیشتیمانیبوون بە شێوەیەکی سادەو ئاسان، بریتییە لە وابەستەبوونی مرۆڤ بە پارچە زەوییەکەوە، مەبەستیش لە مرۆڤ هەر کەسێکە لە ناو سنووری وڵاتدا جێگیر بێت، یان رەگەزنامەکەی هەڵگرتبێت و ملکەچی یاساکانی بێت و لەگەڵ تەواوی هاووڵاتییانی دیکەی ئەو نیشتیمانەدا لە خۆشیو ناخۆشیدا پێکەوە یەکسان بن و هەم مافی هەبێت و هەم ئەرکیشی لەسەر شان بێت و پابەندی ئەنجامدانی کۆمەڵێك ئەرکیش بێت بەرانبەر ئەو دەوڵەتەی تێیدا دەژێت. (العطار،2017،449).

(الرفاعی، 2015) پێیوایە "گەشەپێدانو چاندنی بەهای هاووڵاتیبوون لە دەروونی منداڵان رەنگدانەوەی بۆ سەر کۆمەڵگە دەبێت، مامۆستاش دەتوانێت قوتابیانی لە میانی کاری بە کۆمەڵو هاوبەشو گیانی یەك تیپی کارکردنەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی ئاراستە بکات، هەروەها بەهای وابەستەبوونو پابەندبوون بە نیشتیمانو بایەخی لێبووردەیی لە ناخیاندا بچێنێت، تێکرای ئەم بەشداریکردنانەش رۆڵی کاراو کاریگەریان لەسەر گەشەپێدانی نیشتیمانی لای منداڵان دەبێت" (الرفاعی، 2015: 14)

**2-1 کێشەی توێژینەوە:**

لە میانی تێبینییەکانی توێژەر لە کاتی کارکردنی لەگەڵ منداڵانی باخچەو لە دەستپێکو سەرەتای خوێندنی پرۆگرامی نوێی وەزارەتی پەروەردەو لە سۆنگەی ئەوەی پرۆگرامەکە ئەکادیمیو کەڵەکەبووی بەردەوامە لە پۆلی یەکەمی باخچەی منداڵانەوە، تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی، هەموو ساڵێك قۆناغێکی خوێندنی نوێ گەشە دەکات و دێتەئاراوە، بۆیە پرۆگرامی ئەکادیمی لە قۆناغی باخچەدا بایەخی زۆری خۆی هەیە، چونکە لەو قۆناغەدا بەردی بناغەی ئەکادیمی دادەنێین، کە لە ساڵانی دواتریش لەگەڵ منداڵدا بـــــەردەوام دەبێت و ئەو کارامەییانەی لە قۆناغی باخچەوە بونیادمان نابوو گەشە دەکەنو تەواو پێ دەگەن، بەمەش جارێکی دیکە لە قۆنــاغی سەرەتایی لە سەرەتاوە دەست پێ نــــــاکەنەوە، وەکو چۆن پێشترو لە سیستەمی خوێندنی کۆن رووی دەدا (بە جۆرێك بۆشاییەك لە نێوان باخچەی منداڵانو قۆناغی سەرەتاییدا هەبوو). بەڵام ئێستا ئەو هەنگاوانە تەواو دەکەن کە لە باخچەوە دەستیان پێکردووە، بۆیە دۆزینــــــەوەی ئـــــەو گرفتە ئەکادیمییانەی کە منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە بەدەستییەوە دەیناڵاند، شتێکی زۆر بایەخدارو گرنگە، چونکە نەدۆزینەوەی یان پشتگوێخستنی دەبێتە مایەی کۆسپو لەمپەر لە بەردەم منداڵ لە رووی ئەکادیمیو دەروونیو کۆمەڵایەتی لە قۆناغەکانی دواتر.

ئەمرۆکە بۆیە هاونیشتیمانیبوون و وابەستەبوون پێیەوە جێگەی بایەخە، چونکە لە پێناوی پارێزگاریکردنە لە ناسنامەی تایبەتی هەموو کۆمەڵگە لە سایەی ئەو مەترسیانــــەی بەخۆیـــــەوەی دەبینێت، ئەمەش بە واتای ئەوەی زۆر پێویستە بەهاکانی هاونیشتیمانیبوونی هەر تاکێك لە میانی پـــــەروەردەیو پەروەردەی نیشتیمانییەوە جەختی لەسەر بکرێتەوەو زانینو بەهاو رێســــاو کارامەییەکانیان پێ بدرێت کە لە رێگەیـــانەوە منداڵ دەتوانێت لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا کارلێك بکەن، بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر کەسایەتییە نیشتیمانییەکەی.

قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەش، قۆناغێکی دیکەی گرنگە لە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ، چونکە ساڵانی تەمەنی بەرایی بۆ ئامادەکردنی منداڵان، بە ساڵانی پەرەسەندنو یاریکردنو دۆزینەوەکاریو چێژوەرگرتن دادەنرێن، هەروەها ساڵانی سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ لە گرنگترین ساڵەکانی ژیانی دادەنرێنو لە قۆناغە جیاوازو گرنگەکانیشن، چونکە تیایدا بونیادی تاك دەنرێتو کەسایەییەکەی گەڵاڵە دەبێتو پێکدێت بە هەموو لایەنە جەستەییو دەروونیو عەقڵیو کۆمەڵایەتیو دەستنیشانکردنی ناسنامەی ئایندەو دوارۆژیشی، هـــــــەروەها بایـەخدان بە منداڵ لەو قۆناغەدا ئاراستەیەکی هوشیارانەیە بەرەو گەشەپێدانێکی گشتگیرانەی کۆمەڵگە، بە جۆرێك توێژینــــــــەوەو لێکۆڵینەوە دەربارەی منداڵێتیو بایەخدان پێی لە گرنگترینی ئەو پێوەرانەیە کە پێشکەوتنو پــــــەرەسەندنی هەر کۆمەڵگەیەکی پێ پێوانە دەکرێت. (العطار،2017: 458).

(المعمری، 2014) ئاماژە بەوە دەدات کە پەروەردەی بەهاکانی هاونیشتیمانیبوون رووبەرووی هەڕەشە دەبنەوە، هەڕەشەکەش زیاتر بریتییە لە بۆشایی نێوان تیۆرو پراکتیك، چونکە لە رووی تیۆرییەوە گرتنەبەرو ئەنجامدانی چالاکییەکانو بەرنامە کارلێکییەکانو شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی، هۆکارێکی زۆر گرنگن لە بونیادنانی کەسایەتیی منداڵ، نەك تەنها لە کرداری فێربوونی منداڵ، بەڵکو هەتا لە کۆمەڵگەش، بە جۆرێك کۆمەڵێك بەهـــــای وابەستەبوونو هاونیشتیمانیبوون گەشە دەکەنو لەسەر سەربەخۆییو پشتبەستن بە خودو دەربڕینی راوبۆچوونی خۆیانو هەرەوەزیو هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوانیترو رێزگرتنی بنەماو یاساکان رادەوەستنو پەیوەست دەبن. بەڵام لە لایەنی پراکتیکییەوە، سەرکەوتنی پراکتیکی ئەو شێوازە فێرکاریو هەڵسەنگاندنانە بۆ نەخشەسازیکردنی چالاکییە فێرکارییەکان پشت بە شێوازەکانی چالاکیی فێربوون دەبەستن. (المعمری،2014،37).

چالاکییە هونەرییەکان لەو چالاکییانە دادەنرێن کە منداڵان بەلایانەوە خۆشو باشن، هەروەها بایەخی گەورەشیان لەو قۆناغەدا هەیە، بۆیە دەکرێ بۆ گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵ بەکاربهێنرێت.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی (Xie,2010) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەنجامدانی چالاکیی هونەری لە قۆناغی باخچەی منداڵان چەندین ئەنجامی ئەرێنیی بۆ منداڵان بەدەستهێناوەو ئەوەیشی وەکو راسپاردەیەك خستۆتەڕوو: کە زۆر پێویستە ئەو چالاکییانە لە باخچەی منداڵان ئەنجام بدرێن، لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا بەشداری کاریگەر لە گەشەپێدانی توانستە عەقڵیو مەعریفیو هونەرییەکانی منداڵاندا دەکەن.

لێکۆڵینەوەکەی (Zhou,2011) ئاماژە بەوە دەدات کە فێرکردنی هونەر بۆ منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، فێرکردنێکی گشتگیرو هەمەلایەنەیە، چونکە پرۆگرامو رێبازێکی هەمەجۆری پسپۆڕیو تایبەتمەندییەکانە، هەر لە وێنەکێشانەوە بیگرە تا دەگاتە چالاکییە هونەرییەکانی دیکە، کە هەر هەموویان دەبنە مایەی گەشەپێدانی توانستە عەقڵییەکانو ماسوولکە وردەکانو گەشەپێدانی هەماهەنگیی هەستەوەریو هەروەزیو وایشی لێ دەکات خۆی بگونجێنێت.

لە میانی ئەوەشدا دەکرێ کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەی خوارەوەدا دابڕێژرێتەوە:

کاریگەریی ئەو پرۆگرامە فێرکارییەی کە لە سەر چالاکیی هونەری راوەستاوە لە گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵانی باخچە چەندە؟

**3-1 بایەخی توێژینەوە:**

یەکەم : لایەنی تیۆری (النظری)

1.ئەم توێژینەوەیە لە میانی پرۆگرامی فێرکاریو لەبەر رۆشنایی بەکارهێنانی چالاکیی هەمەجۆری هونەری لە گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵانی باخچە، بە توێژینەوەیەکی زانستی دادەنرێت.

2.ئەم توێژینەوەیەی ئێستا تاووتوێی قۆناغی باخچەی منداڵان دەکات، چونکە بە قۆناغێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دادەنرێتو ماوەیەکی تەمەنیشەو بایەخو گرنگیی خۆی هەیە.

3.ئەم توێژینەوەیە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانکۆکانی کوردستان دەکات، ئەوەش بە پێشکەشکردنی توێژینەوەی زانستیی ئەزموونی

4.ئەم توێژینەوەیە لەوانەیە بەشداری لە پێشکەشکردنی چالاکیی هەمەجۆری هونەری بکات بۆسەر پرۆگرامە پەروەردەییەکانی باخچەی منداڵانو بایەخ بە گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵ دەدات.

5.ئەم توێژینەوەیە نیشانەو ئاماژە لەسەر ئاستی کاریگەریی پرۆگرامی چالاکییە هونەرییەکان دەبەخشێت لە گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵانی باخچە.

دووەم : لایەنی پراکتیکی (الجانب التطبیقی):

1.توێژینەوەکە بەشدارییەکی باش لە میانی داڕێژتنی ئامرازی پێوانەکردنی هاونیشتیمانیبوون لای منداڵانی باخچە پێشکەش دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی لە باخچەکانی منداڵان پرۆگرامەکان دادەنێن، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کردنەوەو ئەنجامدانی خولی ئامادەکاری لە لایەن دامەزراوە پەروەردەییەکانو ناوەندەکانی توێژینەوەو توێژەران بۆ پێوانەکردنی دیاردە رەفتارییەکانو بەدەستهێنان لای منداڵان کارێکی پێویستە.

2.ئەم توێژینەوەیە شتێك نییە، جگە لە هەوڵێك بۆ ناسینی ئاستی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵانی باخچە، ئەمەش هەنگاوێکە لە سەر رێگەی نرخاندنی هەندێك بەرنامەی پەروەردەییو هونەری کە لە باخچەکانی منداڵانو بە ئامانجی کارکردن بۆ پاڵنانی بە ئاراستەی دروست ئەنجام دەدرێنو کاریان بۆ دەکرێت.

3.سوودوەرگرتن لەو ئەنجامانەی کە لەوانەیە ئەم توێژینەوەیە بەدەستی بهێنێت لە بەهێزکردنی لایەنە ئەرێنییەکان بۆ گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵانی باخچە.

4.ئەم توێژینەوەیە هەندێك بەهای هاونیشتیمانیبوون  پێشکەش دەکات، کە پێویستە لای منداڵانی قۆناغی باخچە گەشەیان پێ بدرێت.

5.پێشکەشکردنی راسپاردەو پێشنیارە پێویستەکان لە میانی ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە بەدەستیان دەهێنێت، بە مەبەستی ئاراستەکردنی مامۆستایان لە دانانی نەخشەکاریو بەرنامەو خزمەتگوزاریی دەروونیی پێویست کە یارمەتیی منداڵان دەدات لە گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون.

**4-1 ئامانجی توێژینەوەکە:**

زانینی ئاستی بەهای هاونیشتیمانیبوون لەلای منداڵانی باخچە لە سەنتەری شاری هەولێر.

**5-1 سنووری توێژینەوەکە:**

1.بواری مرۆیی: نمونەیەك لە منداڵانی باخچە لە ئاستی دووەم، تەمەنی (5- 6) ساڵان.

2.بواری شوێن، باخچە حکومییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر.

3.بواری کات: ساڵی خوێندنی (2021- 2022).

**6-1 دیاریکردنی زاراوەکان:**

ئەم توێژینەوەیەی ئێستا پێناسەی ئەم زاراوانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

**1-6-1 کاریگەری (أثر):**

کاریگەری لە رووی زمانەوانییەوە:

ابن منظور، 1954: پاشماوەی شتە، کۆیەکەی کاریگەرییەکانەو بە شوێنیدا گەڕا، واتە بە دوایەوە بوو، کاریگەریش هێشتنەوەی کاریگەرییەکەیەتی لە شتەکە، لە ناو یان لەسەر شتەکە کاریگەریی خۆی بەجێهێشت (ابن منظور، 1954: 76) وەرگیراوە لە (خضر،2020: 14).

لە رووی زاراوەییەوە:

( شحاته و النجار : 2003)

زاراوەی کاریگەری لە توێژینەوە پەروەردەییە ئەزموونییەکان پێناسە کراوە بەوەی بریتییە لە ڕادەی ئەو کاریگەریەی کە چارەسەری ئەزموونی هەیەتی بەهۆی ئەوەی کە گۆڕاوێکی سەربەخۆیە لەسەر یەکێك لە گۆڕاوە پاشکۆکان ، هەروەك پێناسە دەکرێت بەوەی کە ڕادەی کاریگەری فاکتەرێك یان کۆمەڵە فاکتەرێکی سەربەخۆیە لەسەر فاکتەرێك یان کۆمەڵە فاکتەرێکی پاشکۆ ( شحاتة و النجار ، 2003 :230 )

پێناسەی تیۆری (النظری):

ڕادەی ئەو گۆڕانکاریەیە کە ڕودەدات لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ دوای بەکارهێنانی بەرنامەیەك لەسەر گۆڕاوی سەربەخۆ بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکی مەبەستدار

پێناسەی رێکاری (التعریف الاجرائی):

ئەو گۆڕانەیە کە لە گۆڕدراوی پاشکۆدا دێتە ئاراوە، دوای بەرکەوتنی بۆ کاریگەریی گۆڕدراوی سەربەخۆ. واتە گۆڕدراوی پاشکۆ دەکەوێتە بەر کاریگەریی گۆڕدراوی سەربەخۆ.

**2-6-1 پرۆگرامی فێرکاری (برنامج تعلیمی):**

هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەی پرۆگرامی فێرکاریان کردووە:

مزید (2012) ئەویش بەوە پێناسەی کردووە: تێکڕای ئەو ئەزموونو ڕەنگو جۆری چالاکییانەیە کە دامەزراوەیەك نەخشەکاری بۆ دەکاتو لە ڕەوشێکی دیاریکراو و لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ دەکرێت بۆ هێنانەدیی ئامانجی چاوەڕوانکراو و ناوەڕۆكو بابەتو ئەزموونی فێرکاریو هەڵسەنگاندنو پێوانەی بەرهەمەکان تاکو بە کردەیی پەرچە خۆراك (التغذیه الراجعه- Feedback) بهێنێتەدیو مسۆگەر بکات. (مزید،2012: 1008)

پێناسەی رێکاری:

کۆمەڵە چالاکیو هەڵسوکەوتێکی فێرکارییە بۆ هێنانەدیی کۆمەڵە ئامانجێکی چاوەڕوانکراو، کە ڕێگە بە منداڵ دەدات بە شێوەیەکی ئەرێنی کارلێك بکاتو بەپێی توانستو ئامادەباشییەکانی خۆیشی فێر ببێتو بەشداریش لە گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵ بکات.

**3-6-1 چالاکییە هونەرییەکان (الانشطه الفنيه):**

( على ، 2021): چالاکییە هونەرییەکان دیمەن و دیاردەیەکن لە دیاردەکانی هەڵچوون و منداڵ بە ڕێگەیەکی دەرەکیانەو لە ڕێگەی ڕێکخستنی هێڵکاری و خەت و شێوە و ڕەنگەوە دەریاندەبڕێت و هەندێك جاری دیکەش لە ڕێگەی زنجیرەیەك جوولە، یان دەنگ، یاخود وشەوە دەریاندەبڕێت و دایاندەڕێژێتەوە. (علي، 2021: 63).

پێناسەی بیرداری (التعريف النظرى):

چالاکیی هونەری ڕێگەیەکە تیایدا منداڵان مەشق و ڕاهێنان لەسەر هەندێك کارامەیی دەکەن و بڕێك زانیاری و چەمکیش وەردەگرن و هەندێك ئاراستەو مەیل و ئارەزووش لە ڕێگەی ئەنجامدانی کاروباری هونەری و چێژوەرگرتن لێیان بەدەست دەهێنن .

پێناسەی ڕێکاری:

ژمارەیەك چالاکیی تاکە کەسیو بە کۆمەڵەو تیایدا منداڵ چالاکییە هەمەجۆرەکانی خۆی تێدا ئەنجام دەدات لە بوارێك لە بوارە هونەرییەکانی وەکو (ڕەنگکردن، بڕین ، شانۆی بووکەڵەو...تاد) بە شێوازگەلێکی ئاسانو بە ئامانجی گەشەپێدانی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای منداڵان لە تەمەنی (5 – 6) ساڵانو بە سەرپەرشتیکردنی توێژەر.

**4-6-1 گەشەپێدان:**

پێناسەی تیۆری:

(عزيز،2001) پێناسەی گەشە پێدان دەکات بەوەی : چاڵاکیەکی شارستانی تەواوکارە ، بە واتای خەرجکردنی ئەو توانایە دێت کەلە سەروەتی کۆمەڵگە بەدەست دەهێنرێت(عزيز،2001: 10) وەرگیراوە لە (ابراهيم،2022: 10)

پێناسەی ڕێکاری:

گەشەپێدان بریتییە لە بەرنامە و کارو چاڵاکی بۆ مەبەستی گەشەپێدانی تواناو لێهاتویی فێرخواز و بەرزکردنەوەی ئاستیان بەرەو ئاستێکی باشتر و پێشکەوتوتر بەهۆی بوارە فێرکارییە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو.

**5-6-1 بەهای هاونیشتیمانیبوون (قيم المواطنه):**

1-5-5-1 بەهاکان (القيم):

لە رووی زمانەوانییەوە:

فەرهەنگی زمانەوانی (المعاجم اللغويه) کۆمەڵە بەڵگەو ئاماژەیەکی بۆ وشەی "بەها" کە کۆیەکەی "بەهاکان"ـە خستۆتەڕوو، (الاصول اللغويه)ش ئەوەی دەرخستووە کە وشەی (بەها) لە کرداری "قوم" وەرگیراوە (الجلاد،2005: 19).

لە رووی زاراوەییەوە:

البورت، 1961 بەوە پێناسەی کردووە: باوەڕێکە ڕەفتاری کەسێك ئاراستە دەکات بەپێی باشترین پێوەر(Aliport,1961,p.454-802) وەرگیراوە لە (خضر ،2020: 19)

2-5-5-1بەهای هاونیشتیمانیبوون (قيم المواطنه):

(عبدالحسين، 2020): بەردی بناغەی بونیادی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو سیاسیو ئابووریی کۆمەڵگەیە، ئەو پەناگەو قەڵایەیە کە تاك بە هەموو شێوەیەك لە لادان دەپارێزێتو بەهێزکەری بەهای یەکگرتنو شیرازەی بونیادی کۆمەڵایەتییە لە سایەی پەرەسەندنی ئەو شارستانییەی ئەمڕۆکە تێیدا دەژین. (عبدالحسين، 2020: 411).

پێناسەی تیۆری (النظرى):

کۆمەڵە ڕەفتارێکە کەوا لە تاك دەکات هاونیشتیمانیەکی سوود بەخش بێت بۆ کۆمەڵگاکەی و بەرەو پێشکەوتن و گەشانەوەی ببات وەك خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و بەرپرسیارەتی و ئەمانەت پارێزی و هاوکاریکردنی کەسانی دەوروبەری کە ئەمەش بە بەردی بناغەی بونیادی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دادەنرێت.

پێناسەی ڕێکاری:

بریتییە لە کۆمەڵە ڕەفتارو ڕێساو ڕەوشتێك کە منداڵ وەریاندەگرێتو فێریان دەبێتو بەدەستیان دەهێنێتو بە شێوەیەکی ئەرێنی کار دەکەنە سەر پێکهێنانی کەسایەتیی منداڵ، لە میانی ئەو ئەزموونە فێرکارییانەی بەریان دەکەوێتو ئەو یارییە بچووکانەی بۆیان دابینو فەراهەم دەکرێت، تێکڕای ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر باوەڕو بیرۆکەی منداڵ دەبێتو وای لێ دەکەن لە رووی ڕەوشتو

ڕەفتارییەوە پابەند بێتو ڕێساکانی هەرەوەزیو هاوکاریو گفتوگۆو کاری هاوبەش بگرێتەبەر، بە مەبەستی هێنانەدیی بەرژەوەندیی گشتی، ئەمەش لە ڕەوشی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لە میانی پێوەری تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە پێوانە دەکرێت.

**6-6-1 باخچەی منداڵان:**

(حماد، 2020): دامەزراوەیەکە لایەنی فێرکاریو پەروەردەکاریو کۆمەڵایەتی پێکەوە دەبەستێتەوەو کۆدەکاتەوە، چونکە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییەو خزمەتگوزاریی فێرکاریو کاتبەسەربردنو خۆشگوزەرانی پێشکەشی منداڵان دەکاتو لەسەر خۆگونجاندنو گەشەسەندنی زمانو جەستەو لایەنی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو مەعریفی یارمەتییان دەداتو فێریان دەکات. (حماد،414:2020)

پێناسەی تیۆری (النظری):

دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فێرکارییە، لە قۆناغێکی تەمەنی دیاریکراو (چوار تاکو شەش) ساڵاندا چاودێریی منداڵان دەکات، دەکەوێتە پێش قۆناغی بنەڕەتییەوە، باخچەی منداڵان چاودێریی ڕێکوپێك و ئامانجدارو دیاریکراو پێشکەشی منداڵان دەکات و فەلسەفەو بنەماو شێوازو ڕێگەی خۆی هەیە کە پشت بە ڕێسا زانستییەکان و پەروەردەیەکان دەبەستێت.

پێناسەی ڕێکاری:

مەبەست لە باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکارییە بۆ منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە ، کە منداڵانی تەمەن چوار بۆ شەش ساڵ لەخۆ دەگرێت ، وە فێرکردن و یاریکردنی تێدا تێکەڵ دەکرێت ، لە لایەن چەندین ڕاهێنەر و مامۆستاوە بەڕێوەدەبردرێت ، کە تیایدا جەخت دەکاتەوە لەسەر برەو دان بە فێربوون و لێهاتوویەکانی منداڵ.

**2- چوار چێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**2-1: چوار چێوەی تیۆری**

**2-1-1 چالاکییە هونەرییەکان (الانشطه الفنیه):**

چالاکییە هونەرییەکان بە کۆڵەگەیەك لەکۆڵەگەکانی پەروەردەی هاوچەرخ دادەنرێنو سیستەمێك لە خۆدەگرێت ئامانجی هێنانەدیی گەشەپێدانێکی گشتگیرو هەمەلایەنەو هاوسەنگە بۆ هەموو لایەنەکانی کەسێتی، چونکە لەلایەك ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر کەسایەتی فێرخواز هەیەو لە لایەکی دیکەشەوە کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانو زانیارییەکان هەیە. چالاکییە هونەرییەکان کار دەکەنو تێدەکۆشن بۆ بونیادنانی کەسێکی تەواو و هاوسەنگ لەگەڵ خودی خۆیو کارلێك لەگەڵ دەوروبەرو ژینگەیو بواری کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوەی چالاکییە هونەرییەکان بە جۆرێك ڕۆڵی بنەڕەتیی خۆیان لە نەخشەو پلاندانانی هەستاندنەوەو خستنەجووڵەی کرداری فێرکاری دەگێڕن، کە هیچ مشتومڕێك قبوڵ نەکات، ئەوەش لە میانی گەشەپێدانی فێربوون، وەکو تاکە کەسێكو ئەندامێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگە، چونکە کار لەسەر بەرفراوانکردنی ڕۆشنبیریی تاكو گەشەپێدانی توانستە داهێنەرییەکانیو دەربڕینو بەشداریکردنـــــی لە هێنـــــانەدیی تـەواوکردنی پێکهاتەی عەقڵی دەروونیو ڕەفتاریو کۆمەڵایەتیدا دەکەن. (مزوز و الحوریة، 183:2016)

مەرجی چالاکیی هونەریی باش (شروط النشاط الفنی الجید):

-دەبێ چالاکیی هونەری داهێنەرانە بێتو دەربڕی خۆشیو چێژ بێتو بایەخیش بە پیادەکردنی کرداری بدات.

-جۆرێك لە وەڵامدانەوەی سۆزداری بەرهەم دەهێنێت، چ ئەرێنی یان نەرێنی بن.

-دەبێ چالاکیی هونەری ئاڵوگۆڕکارانە بێت، نێوان سرووشتو لایەنە جوانکارییەکان کۆبکاتەوە.

-دەبێ ئەم چالاکییە کار لە گەیاندنی زانیارییەکان بکات لە میانی بوونی نواندنەوە.

-دەبێ چالاکیی هونەری هێمایی بێت، تاکو ئەوە دەربخات کە بەرهەمی هێناوە.

دەربڕی هەستو سۆزەکانی منداڵانو توانستەکانیان بێت. (Gary & Susan,2014:370)

**2-1-2 بەهای هاونیشتیمانیبوون:**

دەروازەی چەمکی هاونیشتیمانیبوون :

چەمکی هاونیشتیمانیبوون لەو چەمکانە دادەنرێت کە لەم قۆناغانەی دواییدا بایەخی زیاتری پێدراوەو هەمیشە لە زیادبوونیشدایە، ئەوەش لە سۆنگەی ڕەنگدانەوەی بایەخی لەسەر زۆرێك لە زانستەکانو گرنگترینیشیان بوارەکانی زانستە

کۆمەڵایەتییەکان، چونکە چەمکی هاونیشتیمانیبوون گرێدراو و پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، کە لە پەیوەندیی چەمکی هاونیشتیمانیبوون بە سرووشتی سیستەمی سیاسیو پەیوەندیی نێوان چەمکی هاووڵاتیبوونو بەشداریکردنی سیاسیی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە.

هەڵبەتە بیرکردنەوە لە نیشتیمان بە بێ ئەو هاووڵاتیانەی تێیدا دەژین بوونی نییە، چونکە هاووڵاتییان دەستەو توێژە جیاوازەکانی گەلن کە تێیدا دەژین، بە هەموو ئاستە رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیانەوە، کە نیشتیمانێك کۆیان دەکاتەوەو سنووری جوگرافیاو سیاسەتو مێژوو و خەباتی هاوبەشی خۆی هەیەو ئەو یاسایانەش کە پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتییەکانی رێك دەخات، لەبەر کاریگەریی لەسەر ژیانی گەلانو کۆمەڵگەکان، چەمکی هاونیشتیمانیبوون بایەخێکی بەرفراوانی لە لایەن توێژەرانەوە بەخۆوە بینی، بە تایبەتی لە پرسە پەروەردەییو گەشەییو سیاسییەکانو پێداویستییەکانی پەرەسەندنی بوارەکانی باشترکردنی ژیانی گشتیی خەڵکی، هەر لەم سۆنگەیەوە پێناسەی هاونیشتیمانیبوون بەپێی تێروانینو گۆشەنیگای جیاوازو ئاراستە کاریگەرەکانو ئەو لایەنانەی کاریشی تێدەکەن جۆراوجۆر بووە

دیاردەکانی وابەستەبوونی نیشتیمانی (مظاهر الانتماء الوطنی):

بەهای وابەستەبوون، ئەو پەیوەستگیرییەی نێوان مرۆڤ و خاکە کە تیایدا دەژێتو زۆر بەتایبەتیش لە میانی کۆمەڵە هەڵسوکەوتو هەڵچوونێکەوە دەردەکەوێت کە لە میانییەوە دەکرێ بڕیار لەسەر ئاستی وابەستەبوونی نیشتیمانی بدرێت، دیاردەکانی وابەستەبوونیش بریتین لە:

-خۆشەویستیی نیشتیمانو دڵسۆزی بۆی.

-ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی تاك بە هەموو شێوەکان.

-ئەنجامدانی کارە چاکەو خۆبەخشییەکان بە هەموو شێوەکانیانەوە.

-پارێزگاریکردن لە زمانی دایك.

-پارێزگاریکردن لە جلوبەرگی میللی.

-خۆبەستنەوە بە دابو نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی ئەندامێکی تیای.

-خۆبەستنەوەو تەواوکاری لە ناو یەك خێزان. (کریم ، 2014: 284)

بەرپرسیارێتی (المسؤولیة):

بەرپرسیارێتی لەو بابەتە گرنگانەیە کە نەك تەنها رۆڵی گرنگی خۆی لە هاوسەنگبوونی ژیانی تاكو کۆمەڵگە ئەنجام دەدات، بەڵکو لە هەموو گەردوون بە گشتی. (التل, 2004: 7)

بەرپرسیارێتی، هەستکردنە بە پابەندبوون بەرانبەر شتەکان، یان تاکەکانو ئەو کردارانەی لە مرۆڤەوە دەردەچن، هەستکردنێکە پەیوەستە بە هەستی تاك بە ئازادیو توانای لە وەرگرتنی بڕیار، بەمەش بریتییە لەو هەستکردنەی کە ئەرك بەرانبەر ئەوانەی دیکە دەخوڵقێنێت کە بریتییە لە کۆمەڵگە، کەواتە بەرپرسیارێتی لەسەر ئەنجامدانی ئەرکەکانی خودی تاك دێت، بەرانبەر ئەوانیتر بە بێ هیچ خۆگرژکردنو ناخۆشییەك، بەڵکو بە شێوەیەکی ئازادانەو تیایدا لایەنە باشەکانی هاونیشتیمانیبوونی باشیان تێدا دەربکەوێت. گەشەپێدانی بەهای بەرپرسیارێتیو چەسپاندنی لای منداڵ واتای ئەوە نییە باوان دەستبەرداری منداڵەکانیان ببن لە رووبەڕووبوونەوەی هەموو گرفتەکانیان، بەڵکو چەسپاندنەکەی لە یارمەتیدانو دەستباردانیان دەردەکەوێت لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، هەروەها دەکرێت بەرپرسیارێتی فێری منداڵان بکرێت بە بەشداریکردنیان لە گفتوگۆکانی خێزان، ئەوەش لە رێگەی ئەوەی کە باوان سەرنجی منداڵەکانیان بۆ ئەوە رابکێشن کە بەرپرسیارن لەو قسانەی دەیکەنو دەیڵێن، چونکە ئەگەر بڕیاری شتێك یان ئەنجامدانی ئەرکێکیان دا، پێویستە لە سەریان جێبەجێی بکەن، وەك ئەوەی بڕیاری دابێت سبەینان زوو لە خەو هەڵبستێتو داواکارییەکانی باوانی جێبەجێ بکات، لەوانەشە ئەم شتانە بچووك بنو لە ئاستی خێزاندا بن، بەڵام بەرپرسیارێتیی گەورەتریش هەیە لە سەر ئاستی کۆمەڵگەو ئینجا نیشتیمانیش بە شێوەیەکی گشتی. (الزهراء، 2018: 274)

سەرڕاستی (الامانة):

وەرگرتنی بێژەی (الامانة) لە زمان: (الامانه نقیض الخیانة) واتە ئەمانەتو سەرڕاستی پێچەوانەی خیانەتە، کارلێکراوەکەیشی (مامونو امین)ـە، هەروەها (مؤتمن) لە (انتمنه) واتە راسپاردەی کردو لای دانا. دەگوترێت: فڵانە کەس سەرڕاست نەبوو. وەکو (لقد أمن یأمن أمانه) واتە بە سەرڕاست دانرا، تاکو ئەو ئەمانەتەی لایەتی بیپارێزێتو بیداتەوە. پاشان (مصدر الاعیان)ی وەکو خوازەیەك بەکارهێناو گوتی: راسپاردە ئەمانەتەو کۆیەکەیشی (امانات)ـە. (محجوبی، 2011: 39)

چەمكی ئەمانەت ئاماژەیە بۆ پارێزگاریكردن لەوەی تاك بەجێیدەهێڵێت لە موڵكو ماڵ یان هەر شتێك كە تایبەت بێت بە كەسانی دیكەوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ گزی نەكردنو ئاشكراكردنی نهێنی. ئەمانەتیش رەگەزێكە لە رەگەزەكانی هاونیشتیمانیبوون، لە واتاكانی ئەمانەت ئەوەیە مرۆڤ سووربێت لە سەر ئەنجامدانی ئەركەكانی بە تەواوی لەو كارەی دەخرێتە ئەستۆیو ئەو پلەوپایەیەی هەیەتی بۆ بەرژەوەندیی كەسیی خۆی، یان خزمایەتی بەكاریان نەهێنێت. لە واتاكانی ئەمانەت پارێزگاریكردن لە سەر نهێنییەكانی كارو فەرمانگەكەیو نهێنییەكانی دەوڵەت، تاكو بۆ دوژمن دزە نەكات. هەروەها لە واتاكانی ئەمانەت پاراستنی نهێنیی ئەنجومەنو دانیشتنەكانیش. (العطار ،2017: 463)

هەرەوەزی (التعاون):

مەبەست لە هەرەوەزی ئامادەباشییە بۆ بەشداریكردن لەگەڵ ئەوانیتر لە ئەركە هاوبەشەكان، كە ئامانجی دیاریكراویان هەیە، بە مەبەستی ئەنجامدانی كارێكو دەستكەوت، ئەمەش پێویستیی بە توانای زانینی پێداویستییەكانو ئامانجی هەر تاكێك هەیە لە ناو كۆمەڵە كەسێكو پەیبردنو دركپێكردنی ئامرازە گونجاوەكانی دوواندنیانو یارمەتیدانیان، واتە هەرەوەزی بە واتای بەشداریكردنو هاوبەشیكردنو لایەنگیریكردنو هاوكاریی نێوان هاووڵاتییان دێتو كارێكی گرنگیشە، لەبەرئەوەی لێیەوە پێشكەوتنو هەستانەوەو سەقامگیریی نیشتیمان دێتەدی، لەوانەیە نیشتیمان بكەوێتە بەر گرفتو قەیرانێكی ناوخۆیی یان دەرەكی، لەو هەلومەرجەشدا هەرەوەزی لە نێوان هاووڵاتییان باشترین چارەسەرە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانو كێشانە. (عبدالقادر،2017: 37)

هەڵوێستی هەرەوەزیانەش پەیوەستو گرێدراوی بوونی مشتومڕو گفتوگۆی نێوان ئەندامانی كۆمەڵەكەیە بۆ گەیشتن بەو بیرۆكەو زانیاریانەی كە لەسەری هاوڕاو كۆكن، هەروەها هەڵوێستی هەرەوەزی لە كۆتوبەندو كێشەو ئاڕێشەی توانای منداڵان كەم دەكاتەوە لە گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشو نەهێشتنی كۆسپو لەمپەرەكانی بەردەمیان. (سعد، 2016: 47)

باخچە دەتوانێت بایەخی هەرەوەزی لای منداڵ لەگەڵ كەسانیتر بچێنێتو بەشداری لە كارەكانی، یان كارەكانیاندا بكات، ئەوەش لە میانی مەشقو راهێنانی لەسەر هەندێك چالاكیی سادەی وەكو: رازاندنەوەی هۆڵو نوواندنی شانۆگەریو خوێندنەوەی چیرۆكو..تاد بە شێوەی هاوبەشو هەرەوەزی، ئەمەش منداڵ لەسەر دووركەوتنەوە لە خۆپەرستیو رێزگرتنی مافی ئەوانیترو پابەندبوون بە كۆمەڵەكەیەوە رادەهێنێت، تێكڕای ئەمانەش بە مەبەستی چاندنی بەهای دیاریكراو كە یارمەتیی چاندنی بەهای سوودبەخشی دیكە بدات، لە بەرانبەریشدا پشتگوێخستنی بەهایەكی دیاریكراو چاندنی بەهاكانی دیكە پەك دەخات. (محمد، 2013: 280-281)

چەمكی كاری بە كۆمەڵو خۆبەخشانە لای منداڵان دەچێنێت، بەمەش منداڵ بەهای هاونیشتیمانیبوونی زیاتر دەناسێتو دەزانێت، كە لە رێگەی جەختكردنەوەی لە چەمكی كاری بە كۆمەڵو رێگە دروستەكان بۆ هێنانەدیی ئامانجەكانی كۆمەڵەكەی بە بێ زیانگەیاندن بە ئامانجە تایبەتەكانی دەهێنێتەدی، بە جۆرێك كە كەسایەتیی خۆی لە ناو بۆتەی كۆمەڵەكەیدا ناتوێنێتەوە، هەروەها جەختكردنەوە لە گەشەپێدانی كار بە گیانی یەك تیپو بە شێوەیەكی نایابو ئاست بەرز، سەرباری بایەخدان بە كاری خۆبەخشانە لە پێناوی هێنانەدیی گەشەپێدانی گشتگیری كۆمەڵگەو هاندانیشیان، تێكڕای ئەم بەهایانە لە سایەی رێزگرتن لە راوبۆچوونی ئەوانەی دیكە كار دەكەن. (الرفاعي، 2015: 650)

**2-2: توێژینەوەكانی پێشوو:**

**1-2-2 :توێژینەوەی (سعید، 2021)**

بە ناونیشانی (كاریگەری بەكارهێنانی پرۆگرامێكی پێشنیاركراو بە یاریە بچوكەكان بۆ گەشە پێدانی هەندێك بەهای هاونیشتیمانیبوون لە لای منداڵانی تەمەن (5-6)ساڵان)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی كاریگەری بەكارهێنانی پرۆگرامێكی پێشنیاركراوە بە بەكارهێنانی یاریە بچوكەكان بۆ گەشەپێدانی هەندێك بەهای هاونیشتیمانیبوون لەلای منداڵانی باخچە لە تەمەنی (5-6) ساڵی ، وە كۆمەڵگای توێژینەوەكەی پێكهاتووە لە منداڵانی ئاستی دووەمی باخچە بۆ ساڵی خوێندنی (2020-2021) لە پارێزگای نینوی، وەنمونەی توێژینەوەكەی پێكهاتووە لە (28) منداڵی كوڕو كچ لە باخچەی (الورود)ی تایبەت، وە میتۆدی توێژینەوەكەی برتییە لە رێبازی ئەزموونی، كە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەكەی ، وە ئامرازە ئاماریە بەكارهاتووەكان بریتییە لە ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری، تاقیكردنەوەی (تائی)، هاوكۆڵكەی سپیرمان براون، وە ئەو ئەنجامەی كە توێژەر پێی گەیشت بریتییە لە بوونی كاریگەری بەرنامەی یاریە بچوكەكان بۆ گەشەپێدانی هەندێك لە بەهای هاونیشتیمانیبوون لەلای منداڵانی كۆمەڵەی ئەزموونی بە بەراورد بە كۆمەڵچەی كۆنترۆڵكراو، وە توێژەر پێشنیاری ئەوەی كرد كە كار بكرێ لەسەر پەرەپێدانی بەرنامەی باخچەی منداڵان لە رێگەی پرۆسەی

پەروەردە بۆ چاندنی بەهای هاونیشتیمانیبوون لەلای منداڵانی باخچە، وە داینکردنی سیستەمێکی بەهای هاونیشتیمانیبوونی باش و شێوازی چالاککردنیان بۆ باخچەکان.

**2-2-2:توێژینەوەی (علی،2021)**

بە ناونیشانی ( بەکارهێنانی چالاکیە هونەریەکان بۆ باشکردنی نارێکی خوێندنەوە لای منداڵانی گران فێربوو)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە باشکردنی خوێندنەوەیە لەلای ئەو منداڵانەی زەحمەت فێردەبن و خاوەن پێداویستی تایبەتن بە بەکارهێنانی چالاکی هونەری، وە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتووە لەو منداڵانەی کە زەحمەت فێربونیان هەیە و خاوەن پێداویستی تایبەتن لە تەمەنی (5-7) ساڵان لە شاری قاهیرە، وە نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (10) منداڵ لەو منداڵانەی کە زەحمەت فێردەبن و خاوەن پێویستی تایبەتن کە تەمەنیان لە نێوان (5-7)ساڵان دایە، وە میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییە لە نیمچە ئەزموونی بە هۆی گونجان لەگەڵ بارودۆخی توێژینەوەکەی، وە ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە بەکارهاتووە لە توێژینەوەکە بریتییە لە تاقیکردنەوەی دیلکوکسون، ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری، هاوکۆڵکەی بەیەکەوە بەستن ، هاوکۆڵکەی جێگیری الفاکرونباخ، وە توێژەر گەیشت ئەنجامی ئەوەی کە پرۆگرامەکە کاریگەری بەردەوامی هەیە و بەکارهێنانی دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی زەحمەتی فێربوون لەلای تاکەکانی گروپی ئەزموونی، وە توێژەر پێشنیاری ئەوەی کرد کە گرنگی بدرێ بە قۆناغی باخچەی ساوایان وەك قۆناغیکی ئەکادیمی و گەڕان بەدوای کێشەکانیان کە ڕووبەرووی منداڵ دەبێتەوە، وە لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای چارەسەرەکانیان پێش خراپتربوونیان.

**3: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

**1-3 ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی گونجاو بۆ ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە ڕێبازی ئەزموونی چونکە سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی پێویست دەکات کە توێژینەوەکە ئەزموونی بێت ، وە مەبەست لە ڕێبازی ئەزموونی گۆڕانێکی بەمەبەست و ڕێکخراو و روونە بۆ دیاردەیەك بە مەرجە دیاریکراوەکان، پاشان تێبینیکردنی ئەنجامەکان و گۆڕانکارییەکان لە خودی دیاردەکە و شیکردنەوەیان.(علیان و غنیم،2000: 50)، وە ئەم ڕێبازە بە کاریگەرترین ڕێبازی توێژینەوە دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگایەکی دروست و زانستیانە.(بدر،1994: 267)

**2-3 نەخشەسازی (دیزاینی) ئەزموونی**:

بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بەست بە نەخشەسازی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵە ( کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو)، بە شێوەیەك کە کۆمەڵەی ئەزموونی بە بەکارهێنانی پرۆگرامی فێرکاری پاڵپشت بە چالاکی هونەری وانەیان پێگوتراوە و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش بە پرۆگرامی ئاسایی پەیرەوکراو وانەیان پێگوتراوە، وە لە کۆتاییدا تاقیکردنەوەی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون بۆ هەردوو کۆمەڵەکە ئەنجام دراوە.

**3-3 کۆمەڵگای توێژینەوەکە**:

وە سەبارەت بە کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە ئەوا بریتی یە لە ( منداڵانی ئاستی دووەمی باخچەی منداڵان ) کە ژمارەیان (7164) منداڵە ، (3519) کوڕ، (3645) کچ ، لە ناوەندی پارێگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022).، وە بۆ پراکتیزەکردنی کاری توێژینەوەکەش دوو باخچە هەڵبژێردراوە .

**4-3 نمونەکانی توێژینەوەکە**:

نمونەی توێژینەوە کۆکراوەیەکی بەشیە لە کۆمەڵگای توێژینەوە، کە بە شێوەیەکی گونجاو لە لایەن توێژەر دەستنیشان دەکرێت و توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت ، وە پاشان ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێت و گشتاندنی پێدەکرێت لەسەر تەواوی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە شێوەیەکی دروست .( علی،2019: 160). بۆیە توێژەر دوای دەست نیشانکردنی کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە، دەستیکرد بە هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-نمونەی راپرسی: ( العینە الاستطلاعیە)

توێژەر هەڵسا بە پێشکەشکردنی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون لەسەر کۆمەڵێك مامۆستا کە لە روانگەی خۆیانەوە منداڵەکان هەڵدەسەنگێنن کە ژمارەیان (20) منداڵە ، لە باخچەی منداڵانی (روناکی) لە رێکەوتی (20- 12-2021) ، دەرکەوت کە ڕێنماییەکانی

پێوەرەكە و شێوازی وەڵامدانەوەكان روون بوون ، و بە زمانێكی سادە و پوخت نوسراون ، و ئەو كاتەی كە پێویستە بۆ وەڵامدانەوە لە نێوان (3-10) خولەكدا بووە.

2-نمونەی جێگیری: (عینە الثبات)

توێژەر نمونەیەكی هەڕەمەكی هەڵبژارد كە پێكهاتبوو لە (35) منداڵ لە (باخچەی منداڵانی لاولاو) ، بۆ هەژماركردنی جێگیری پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون.

3-نمونەی شیكاری ئاماری: (عینە التحلیل الإحصائی)

توێژەر نمونەیەكی هەڕەمەكی هەڵبژارد كە نوێنەرایەتی كۆمەڵگا بكات ، پێكهاتبوو لە (150) منداڵ لە دوو باخچەی منداڵان ، ئەم خشتەیە زیاتر روونی دەكاتەوە.

| ناوی باخچەكانی منداڵان | منداڵی كوڕ | منداڵی كچ | كۆی منداڵەكان |
|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵانی رەنگین | 38 | 32 | 70 |
| باخچەی منداڵانی نسار | 45 | 35 | 80 |
| كۆی گشتی | 83 | 67 | 150 |

4-نمونەی نەخشەسازی (دیزاینی) ئەزموونی: (عینە التصمیم التجریبی)

توێژەر نمونەیەكی لە (30) منداڵی هەردوو باخچەی منداڵانی ( رەنگین و نسار) هەڵبژارد كە (باخچەی منداڵانی رەنگین ) (15) منداڵ كردووە بە گروپی ئەزموونی و (باخچەی منداڵانی نسار) (15) منداڵ كردووە بە گروپی كۆنترۆڵكراو، هەڵبژاردنی ئەم نمونەش لەسەر بنەمای ئەوە بووە كە ئەو منداڵانەی نزمترین نمرەیان بەدەست هێناوە لە تاقیكردنەوەی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون ، دوای ئەوەی تاقیكردنەوەكە ئەنجام درا ئەوا (ناوەندی ژمێرەیی – لادانی پێوەری) واتە (45.530 – 9.998) یەكسانە بە (35.532) بە نزیكراوەیی یەكسانە بە (36) بۆیە هەر منداڵێك نمرەی گشتی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون لە (36) نمرە كەمتری بەدەست هێنابێت دەبێتە نمونەی نەخشەسازی ئەزموونی كە ژمارەیان (30) منداڵ بوو، وە نەخشەسازی ئەزموونی بۆیە لە دوو باخچە وەرگیراوە بۆ ئەوەی كاریگەری پرۆگرامەكە ( كە خۆی گرتووە لە چەندین چالاكی جۆراو جۆر) نەكەوێتە سەر گروپی كۆنترۆڵكراو ، ئەم دوو باخچەیەش بە مەبەست هەڵبژێردران لەبەر ئەم هۆیانە:

1-لەبەر ئەوەی هەردوو باخچەكە هەمان نەخشەی بینایان هەبوو ،وە لە هەمان گەرەك بوون وخەڵكەكەی ئاستی ئابووری و كۆمەڵایەتیان لەیەك نزیكە.

2-بونی هۆڵی گەورە و داتاشۆ لە هۆڵەكان و تەختەی شانۆ و سپیكەر و زۆربەی ئەو پێداویستیانەی كە توێژەر پێویستی دەبوو لە ئەنجام دانی كاری پراكتیكیەكە.

**5-3 هاوسەنگكردنی كۆمەڵەكانی توێژینەوەكە:**

كرداری هاوسەنگكردنی نێوان كۆمەڵەكانی توێژینەوە، یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی توێژینەوەی ئەزموونی، بۆیە هەرچەندە تەواوی تاكەكانی ئەم توێژینەوەیە لە دوو باخچەی منداڵانن كە ژینگەی باخچەكەیان تا ڕادەیەك هاوشێوەی یەكترن ، بەڵام توێژەر بە پێویستی زانی كار لەسەر هاوسەنگكردنی كۆمەڵەكانی توێژینەوەكە بكات بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەڵسا بە دابەشكردنی فۆرمی زانیاری تایبەت بە منداڵەكانی هەردوو كۆمەڵەكە لە ڕێكەوتی (31-1-2022) بۆ ئەوەی دایك و باوك زانیاریە داواكراەكانی ناو فۆرمەكە وەڵام بدەنەوە، هەروەها وەرگرتنەوەی فۆرمەكە لە (1-2-2022) ، هەروەك لە پاشكۆی ژمارە (2) فۆرمەكە خراوەتە روو، وە هاوسەنگ كردنەكەش لە چەند گۆڕاوێكی جیاوازدا كرا كە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**1-تەمەن بە مانگ:**

توێژەر دەستیكرد بە تۆماركردنی داتا خواستراوەكانی تایبەت بە تەمەنیان و هەژماركردنی تەمەنیان ، دواتر داتاكان خرانە نێو چوارچێوەی چارەسەركردنی ئامارییەوە بە بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی یەكسان بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە نێوان منداڵانی هەردوو كۆمەڵەكە لەم گۆڕاوەدا، بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| گۆڕاو | نمونە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | P-Value (t-test) Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن بە مانگ | ئەزموونی | 15 | 172.223 | 9.602 | 0.323 |
| | كۆنترۆڵ | 15 | 168.721 | 9.448 | (1.007) NS |

ئەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت بەهای p-value یەکسانە بە 0.323 کە زیاترە لە (0.05) ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان منداڵانی هەردوو کۆمەڵەکە ، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا.

**2-ریزبەندی منداڵ لە نێوان خوشك و براكانی:**

توێژەر دەستیکرد بە تۆمارکردنی داتا خواستراوەکانی تایبەت بە ریزبەندی منداڵ لە نێوان خوشك و براکانی دواتر داتاکان خرانە نێو چوارچێوەی چارەسەرکردنی ئامارییەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی یەکسان بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە نێوان منداڵانی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا، بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| گۆڕاو | نمونە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | P-Value (t-test) Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| ریزبەندی منداڵ لە نێوان خوشك و براكانی | ئەزموونی | 15 | 2.800 | 1.373 | 0.055 |
| | کۆنترۆل | 15 | 1.930 | 0.961 | (2.003) NS |

ئەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت بەهای p-value یەکسانە بە 0.055 کە زیاترە لە (0.05) ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان منداڵانی هەردوو کۆمەڵەکە ، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا.

**3-دەستکەوتی خوێندنی باوك:**

توێژەر بۆ دیاریکردنی دەستکەوتی خوێدنی باوك تاقیکردنەوەی ( Fisher-Freeman-Halton Exact Test) بەکار هێناوە چونکە دەگونجێت لەگەڵ ئاستەکانی ئەم گۆڕاوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە نێوان منداڵانی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا، بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| گۆڕاو | ئاستەکان | نمونە | | کۆی گشتی | P-Value (Fisher-Freeman-Halton Exact Test) Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ئەزمونی | کۆنترۆل | | |
| دەستکەوتی خوێندنی باوك | نەخوێندەوار | 0 | 2 | 2 | 0.443 (5.973) NS |
| | سەرەتایی | 4 | 4 | 8 | |
| | ناوەندی | 2 | 2 | 4 | |
| | ئامادەیی | 1 | 3 | 4 | |
| | پەیمانگا | 1 | 2 | 8 | |
| | بەکالۆریۆس | 6 | 2 | 3 | |
| | بڕوانامە باڵاکان | 1 | 0 | 1 | |
| کۆی گشتی | | 15 | 15 | 30 | |

ئەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت بەهای p-value یەکسانە بە 0.443 کە زیاترە لە (0.05) ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان منداڵانی هەردوو کۆمەڵەکە ، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا.

**4-دەستکەوتی خوێندنی دایك:**

توێژەر بۆ دیاریکردنی دەستکەوتی خوێدنی دایك تاقیکردنەوەی ( Fisher-Freeman-Halton Exact Test) چونکە دەگونجێت لەگەڵ ئاستەکانی ئەم گۆڕاوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە نێوان منداڵانی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا، بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| گۆڕاو | ئاستەکان | نمونە | | کۆی گشتی | P-Value (Fisher-Freeman-Halton Exact Test) Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ئەزمونی | کۆنترۆل | | |
| دەستکەوتی خوێندنی باوك | نەخوێندەوار | 0 | 5 | 5 | 0.103 (8.849) NS |
| | سەرەتایی | 2 | 4 | 6 | |
| | ناوەندی | 3 | 2 | 5 | |
| | ئامادەیی | 1 | 1 | 2 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پەیمانگا | 6 | 2 | 4 |
| | بەکالۆریۆس | 3 | 1 | 8 |
| کۆی گشتی | | 15 | 15 | 30 |

ئەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت بەهای p-value یەکسانە بە 0.103 کە زیاترە لە (0.05) ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان منداڵانی هەردوو کۆمەڵەکە ، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا.

**5-ئاستی زیرەکی:**

بۆ پێوانەکردنی ئاستی زیرەکی توێژەر پشتی بە تاقیکردنەوەی (Raven) بەستووە کە دەگونجێت لەگەڵ تەمەنی منداڵ و ژینگەی کوردستان کە وەرگێڕدراوە لە زمانی ئینگلیزیەوە و ئامادەکراوە لە لایەن (عماد احمد حسن، 2016) وەرگیراوە لە (علی،2021)

ئەو قۆناغە تەمەنییەی کە ئەم تاقیکردنەوەیەی لەسەر پیادەو جێبەجێ دەکرێت: لە تەمەنی (4-11) ساڵان دەبێت.

پێکهاتەکانی تاقیکردنەوەکە: کارتی تاقیکردنەوەی ریزکراوە رەنگاوڕەنگەکان (36) ژمارەی ریزکراوی تێدایەو لە سێ کۆمەڵەش پێکدێت:

1.کۆمەڵەی (A): سەرکەوتن تیایدا پشت بە توانای منداڵ دەبەستێت لەسەر تەواوکردنی شێوازی بەردەوام، لە کۆتایی کۆمەڵەکەشدا ئەم شێوازە دەگۆڕێتو لە هەمان کاتدا لە یەك ئاراستەوە دەبێتە دوو ئاراستە.

2.کۆمەڵەی (AB): سەرکەوتن تیایدا پشت بە توانای منداڵ دەبەستێت لە درکپێکردنو پەیبردن بە شێوە لەیەکتر جیاوازەکان لە شێوازێکی گشتی لە سەر بنەمای پەیوەستگیریی شوێن (الارتباط المکانی).

3.کۆمەڵەی (B): سەرکەوتن تیایدا لە سەر تێگەیشتنی منداڵە لەو بنکەو بنەمایەی (القاعدە) کە بڕیار لەسەر گۆڕانکارییەکاندا دەدات لە شێوەی پەیوەستگیری لۆژیکیانە، یان شوێن، ئەمەش پێویستیی بە توانای منداڵ هەیە لەسەر بیرکردنەوەی.

هەر کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵەکانی رابردوو، لە (12) ریزکراو (مصفوفە) پێکدێن، هەر ریزکراوێکیش (6) ریزکراوی بچووکتر لەخۆدەگرێت، بە جۆرێك کەسی وەڵامدەر یەك ریزکراو هەڵدەبژێرێت، تاکو تەواوکەری ئەو ریزکراوە بێت کە لە سەرووترە، هەر سێ کۆمەڵەکەی پێشووش لە شێوەو وێنەیەکی رێکوپێکدان.

ئەو رێنماییە جێبەجێ کارییانەی تاقیکردنەوەکە کە دەدرێنە کەسی وەڵامدەر :

-توێژەر لە سەر پەڕەی وەڵامدانەوە دەنووسێت، پاشان نامیلکەی تاقیکردنەوە لە بەردەم منداڵەکە دەکاتەوە لە سەر (A1)و پێی دەڵێت: تەماشای ئەم شێوەیە بکە، ئاماژە بە شێوەی سەرەکی دەکات لەسەرەوەی لاپەڕەکەو دەڵێت: وەك دەبینیت ئەو شێوەیە بەشێکی لێ کراوەتەوە، ئەو بەشە لێکراوەیەش لە یەکێك لە بەشە وێنەکێشراوەکانی لای خوارەوەی شێوەکە هەیە، یەك لە دوای یەکیش ئاماژە بۆ بەشەکانی خوارەوەی لاپەڕەکە دەکات، (پاشان دەڵێت) تێبینی بکەو سەرنج بدە کە تەنها یەکێك لەو بەشانە بۆ تەواوکردنی شێوەی ئەسڵی دەگونجێت، دوای ئەوەش دەڵێت: سەرنجی شێوە بچووکەکان بدە، دەبینین هاوشێوەی شێوە ئەسڵییەکەن لە رەنگو شێوەدا، بەڵام تەواو نەکراون، کەواتە یەك بەش هەیە شێوە ئەسڵییەکە تەواو دەکات.

-دوای ئەوە توێژەرجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە منداڵەکە پەنجەی لەسەر شێوە دروستەکە داناوە.

-پاشان توێژەر وەڵامەکە لە سەر لاپەڕە ئامادەکراوەکە تۆمار دەکات.

-ئینجا توێژەر دوای ئەوە دەچێتە سەر شێوەکانی دیکەو هەمان رێنمایی دەدات.

سیستەمی راستکردنەوەی تاقیکردنەوەکە (نظام تصحیح الاختبار):

-دوای کۆتاییهاتنی منداڵەکە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، نامیلکەی تاقیکردنەوەو پەڕەی وەلامدانەوەکە لەلایەن توێژەرەوە هەڵدەگیرێت.

-پاشان یەك نمرە بۆ هەر پرسیارێکی دروست دادەنرێت کە منداڵەکە بە دروستی وەڵامی داببێتەوە.

-بۆ زانینی وەڵامە راستو دروستەکانیش، کلیلە پەڕەیەکی تایبەت (مفتاح االتصحیح الخاصە) بە توێژەر هەیەو لەگەڵ نامیلکەی پرسیارەکان هاوپێچ کراوە.

-پاشان ئەو نمرە راستو دروستانە کۆدەکرێنەوە کە منداڵەکە بە دەستی هێناوە بۆ زانینی نمرەی گشتی تاقیکردنەوەکە.

دوای کۆکردنەوەی وەڵامە راستەکان توێژەر دەستی کرد بە تۆمارکردنی داتاکان بۆ نێو چوارچێوەی چارەسەرکردنی ئامارییەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی یەکسان بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە نێوان منداڵانی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا، بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| گۆڕاو | نمونە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی ئێوەری | P-Value (t-test) Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| "Raven 36" | ئەزموونی | 15 | 17.000 | 1.309 | 0.396 |
| | كۆنترۆڵ | 15 | 17.600 | 2.354 | (0.863) NS |

ئەم خشتەی سەرەوە دەردەكەوێت بەهای p-value یەكسانە بە 0.396 كە زیاترە لە (0.05) ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان منداڵانی هەردوو كۆمەڵەكە ، كە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو كۆمەڵەكە لەم گۆڕاوەدا.

**6-3 ئامرازەكانی توێژینەوەكە:**

ئامرازەكانیی توێژینەوە بە هۆكارێك دادەنرێت بۆ كۆكردنەوەی ئەو داتا و زانیارییانەی كە پێویستن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی توێژینەوەكە یان تاقیكردنەوەی گریمانەكانی توێژینەوەكە. (العساف،1995: 100) بۆ گەیشتن بە ئامانج و گریمانەكانی توێژینەوە پێویستیان بە دوو ئامراز هەیە كە ئەمانەن:

1-ئامادەكردنی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون.

2-دروستكردنی پرۆگرامێكی فێركاری پاڵپشت بە چالاكی هونەری.

توێژەر بۆ ئامادەكردنی پێكهاتەكانی پێوەر ( بوارەكان و برگەكان) پشتی بە ئەدەبیات و لێكۆڵینەوەكانی پێشوو بەستووە.

شایەنی ئاماژە پێكردنە كە هەنگاوە زانستیەكان بۆ ئامادەكردنی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون لەم بەشەدا باسی دەكەین، وە بەشی چوارەم تەرخان دەكرێت بۆ هەنگاوەكانی دروستكردنی پرۆگرامی فێركاری پاڵپشت بە چالاكی هونەری.

پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون:

توێژەر بۆ ئامادەكردنی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون سودی وەرگرت لە پێوەری ژمارەیەك توێژینەوەی عەرەبی و بیانی كە بریتین لە:

1-پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوونی (سعید،2021) بۆ منداڵانی باخچە.

2-پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوونی (Kayaalpa,2021) بۆ منداڵانی باخچە

3-پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوونی (العطار،2017) بۆ منداڵانی باخچە

4-پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوونی (Sounoglou&Michalopoulou,2017) بۆ منداڵانی باخچە.

بوارەكانی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون:

چوار بوار دەستنیشانكراون بە پێی توێژینەوەكانی پێشوو كە ئەمانەن:

1-وابەستەبوون بە نیشتیمانەوە: رەفتارێكە منداڵ لە چالاكیە هونەریەكانی دەریدەخاتو لە رێگەیەوە رێزی خۆیو وابەستەبوونی بە نیشتیمانەكەیەوە دەردەبڕێت.(سعید،2021: 33)

2-رەهەندی بەرپرسیارێتی : بریتییە لە رەفتارێك كە منداڵ لە جێبەجێكردنی ئەركێكی فێركاری پابەندی دەبێتو ئەنجامەكانی ئەو كارەش لە ئەستۆ دەگرێت (53 : Sounoglou&Michalopoulou,2017)

3-سەرڕاستی ( الامانة): گوتنی حەقیقەتو دووركەوتنەوەیە لە فێڵكردن لە هاوڕێكانیو پابەندبوونی بە جێبەجێكردنی بنەما رەفتارییەكانی ناوپۆلو دەربڕینی راوسەرنجی خۆی بە شێوەیەكی راستگۆیانە.(العطار،2017 : 463)

4-رەهەندی هاوكاری ( التعاون): رەفتاری منداڵە بۆ ئەنجامدانی كارێكی هاوبەش لەگەڵ هاوڕێیانی دیكەی ناو پۆلەكەی بۆ یارمەتیدانیان لە جێبەجێكردنی چالاكیە هونەریەكانیان یان تەواوكردنی ئەركەكانیان.(الحسن,1999) وەرگیراوە لە (خظر،2020: 47)

دارشتنی برگەكانی پێوەر:

بابەتی دارشتنی برگەكانی هەر پێوەرێك لە زانستە دەروونی و مرۆڤایەتیەكان بابەتێكی گرنگە، وە پێوەر بۆ ئەم مەبەستە پشتی بەستووە بە ئەدەبیات و لێكۆڵینەوەكانی پێشوو كە پەیوەستن بە بەهای هاونیشتیمانی بوون ، وە پێوەرەكە پێكهاتووە لە 31 برگە لە شێوەی دەستەواژەی ڕاپۆرتی دابەشكراوە بەسەر چوار بوار كە مامۆستا وەڵام دەداتەوە لەسەر هەڵسوكەوتی منداڵەكە.

رێنماییەكانی پێوەر:

كرداری ئامادەكردنی ڕێنماییەكانی وەڵامدانەوەی هەر پێوەرێك لە بنەما گرنگەكانی توێژینەوە دەروونی یەكان دادەنرێت . كە لە ڕێگەیەوە وێنەیەكی روون و ئاشكرا پیشانی وەڵامدەرەوە دەدات لەسەر چۆنیەتی وەڵامدانەوەیان لەسەر برگەكانی پێوەر بە هەڵبژاردنی جێگرەوەیەكی گونجاو كە گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی وەڵامدەرەوەكە دەكات. بۆیە توێژەر هەڵدەستێ بە دارشتنی

ڕێنماییەکانی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون بە شێوازێکی سادە و روون و رەوان، وە داوا لە وەڵامدەرەوە دەکات کە گشت برگەکانی پێوەرەکە بخوێنێتەوە و یەکێك لە جێگرەوەکان هەڵبژێرێت کە گوزارشت لە هەڵوێستی ئەو دەکات، وە توێژەر بە وەڵامدەرەوەکە رادەگەیەنێت کە وەڵامەکانی لەلایەن توێژەرەوە دەپارێزێت و رێزی لێدەگیرێت وە سوپاسی کرد بۆ هاوکاریکردنی.

هەڵەچنینی پێوەرەکە:

هەڵچنینی پێوەر یەکێکە لە ڕێکارە پێویستیەکان بۆ گۆڕینی نیشانەکان بۆ ژمارەکان و دیاریکردنی نمرەی گشتی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون بە دانانی ژمارەکان لە بڕی نیشانەکان لەکاتی هەڵبژاردنی جێگرەوەکان کە پێکهاتوون لە سێ جێگرەوە، جێگرەوەی یەکەم (هەمیشە دەردەکەوێت) (3) نمرەی پێدراوە، جێگرەوەی دووەم (هەندێك جار دەردەکەوێت) (2) نمرەی پێدراوە ، جێگرەوەی سێیەم (دەرناکەوێت) (1) نمرەی پێدراوە، وە کۆکردنەوەی ئەوو ژمارانە پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوونە.

ڕونکردنەوەی برگەکانی پێوەر:

بۆ زانینی روونی برگەکانی پێوەر توێژەر هەڵسا بە پیشاندانی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون بە شێوەی سەرەتایی کە پێکهاتبوو لە (31) برگە دابەشکراوە بەسەر (4) بوار، وە پیشاندانی بە کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزایی بواری دەروونزانی و ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی و پێوانە و هەڵسەنگاندن کە ژمارەیان (23) پسپۆر بوو وەك لە پاشکۆی ژمارە ( ناوی مامۆستایان ) دا خراوەتە ڕوو. وە پێوەرەکە بە شێوەی سەرەتایی پێشکەش بە پسپۆڕان کرا وە داوایان لێکرا تێبینیەکانیان لەسەر بدەن، وە بۆ پێوانی دیاردەکە نیشانەی (/) لە ژێر خانەی (گونجاوە) ئەگەر برگەکە گونجاو بوو ، وە نیشانەی (/) لەژێر خانەی (نەگونجاوە) ئەگەر برگەکە توانای پێوانی ئەو دیاردەیەی نەبوو، وە رونکردنەوەی هەر گۆڕانکاریەك ئەگەر هەبێت لە ژێر خانەی ( گونجاوە دوای گۆرانکاری) ، وە دوای کۆکردنەوەی وەڵامەکانی شارەزایان ، توێژەر پشتی بەست بە بەهای کای سکویر (کا)$^2$ بۆ بڕیاردان لەسەر رای شارەزایان لەسەر مانەوەی برگەکانی پێوەر، وەهەر برگەیەك واتاداری ئاماری بەدەست نەهێنا لە بەهای کای سکویر (کا)$^2$ ئەوا ئەو برگە لادەچێت ، وە هەموو برگەکان بەهای کای سکویر(کا)$^2$ ژمێردراویان گەورەترە لە بەهای کای سکویر (کا)$^2$ خشتەیی کە دەکاتە (3.841) لە ئاستی (0،05) وە بە نمرەی ئازادی (1) ، جگە لە برگەی (4 ، 8) لە بواری (خۆشەویستی بۆ نیشتیمان) کە بریتی یە لە برگەی ( وا هەست دەکات کە هەرێمی کوردستان جوانترین شوێنی عیراقە) و برگەی ( لە شارەکانی کوردستان هەست بە ئارامی و ئاسایشی ژیانی بکات) وە برگەی (3 ، 5) لە بواری (ئەمانەت) کە بریتی یە لە برگەی( دەتوانێت بەو پەری ئەمانەتەوە سنوری وڵاتەکەی بکێشێت) و برگەی (بەبێ ئامادەبوونی هاوڕێکانی رەخنە لە کارە هونەریەکانیان ناگرێت) ، لەو چوار برگەیە بەهای کای سکویر (کا)$^2$ ی ژمێردراو کەمترە لە بەهای کای سکویر (کا)$^2$ ی خشتەیی کە لەمر خشتەی خوارەوە زیاتر روون کراوەتەوە، وە پێوەر بە شێوەی کۆتایی پێکهاتووە لە (27) برگە .

| بوارەکان | ژمارەی برگەکان | ژمارەی شارەزایان | رازیبوان | نا رازیبوان | بەهای کای سکویر(کا)$^2$ | | واتاداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمێردراو | خشتەیی | |
| خۆشەویستی بۆ نیشتیمان | 1، 2، 6، 7، 9 | 23 | 23 | 0 | HS | 3.841 | واتادارە |
| | 3 ،5 | | 22 | 1 | 19.174 | | واتادارە |
| | 4 | | 15 | 8 | 2.130 | | واتادارە نیە |
| | 8 | | 14 | 9 | 1.087 | | واتادارە نیە |
| بەرپرسیارێتی | 1، 4، 5 | | 23 | 0 | HS | | واتادارە |
| | 2، 7 | | 21 | 2 | 15.696 | | واتادارە |
| | 3، 6، 8 | | 22 | 1 | 19.174 | | واتادارە |
| ئەمانەت | 1، 6 | | 23 | 0 | HS | | واتادارە |
| | 2 | | 22 | 1 | 19.174 | | واتادارە |
| | 3 | | 16 | 8 | 2.130 | | واتادارە |

| بوارەکان | ژمارەی بڕگەکان | ژمارەی شارەزایان | رازیبوان | نا رازیبوان | بەهای کای سکویر(کا)² ژمێردراو | خشتەیی | واتاداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | نیە |
| | 4 | | 21 | 2 | 15.696 | | واتادارە |
| | 5 | | 15 | 8 | 2.130 | | واتادارە نیە |
| هاوکاری | 1، 2، 5، 8 | | 23 | 0 | HS | | واتادارە |
| | 3، 6، 7 | | 22 | 1 | 19.174 | | واتادارە |
| | 4 | | 21 | 2 | 15.696 | | واتادارە |

**هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان:( القوه التمیزیه للفقرات)**

مەبەست لە هێزی جیاکەرەوەی بڕگە ئاستی تواناکەیەتی بۆ جیاکردنەوە لە نێوان منداڵانی ئاست بەرز و منداڵانی ئاست نزم( المولدیه،2019: 29). وە توێژەر بۆ لێکۆڵینەوە لە هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون لەسەر نمونەی شیکردنەوەی ئاماری کە ژمارەیان (150) منداڵ بوو، دوای هەڵچنینی فۆرمەکان توێژەر هەڵسا بە ریزکردنی نمرەکان لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە (62-30) وە رێژەی (27%) بۆ هەریەك لە نمرەکانی سەرەوەو خوارەوەی هەڵبژارد ، بەم جۆرە ژمارەی منداڵانی هەریەك لە کۆمەڵەی بەرز و کۆمەڵەی نزم گەیشتە (41) منداڵ ، پاشان توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بەکارهێنا بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بۆ هەژمارکردنی جیاوازی واتاداری نێوان هەردوو کۆمەڵەکە لە نمرەکانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی پێوەرەکە وە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری spss (Nie,etl, 1975: P272) وەرگیراوە لە (أمين،2017: 283) ، دوای بەکار هێنانی تاقیکردنەوەی تائی دەرکەوت گشت بڕگەکان واتادارن، وە بەهای تائی ژمێردراویان گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی کە دەکاتە (1,99) لە ئاستی واتاداری (0,05) و نمرەی ئازادی (80). خشتەی خوارەوە زیاتر ئەمە روون دەکاتەوە.

| بڕگەکان | کۆمەڵەn=150 | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value | ئاستی واتاداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y1_1 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.976 | 0.570 | 4.972 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.390 | 0.494 | | | |
| Y1_2 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.171 | 0.738 | 6.047 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.317 | 0.521 | | | |
| Y1_3 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.732 | 0.775 | 2.74 | 0.008 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.341 | 0.480 | | | |
| Y1_4 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.756 | 0.624 | 6.458 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.073 | 0.264 | | | |
| Y1_5 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.878 | 0.678 | 6.111 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.146 | 0.358 | | | |
| Y1_6 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.561 | 0.550 | 14.953 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.098 | 0.300 | | | |
| Y1_7 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.512 | 0.779 | 4.213 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.000 | 0.000 | | | |
| Y2_1 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.220 | 0.759 | 7.144 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.244 | 0.435 | | | |
| Y2_2 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.683 | 0.471 | 5.048 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.195 | 0.401 | | | |
| Y2_3 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.976 | 0.689 | 5.752 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.244 | 0.435 | | | |
| Y2_4 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.024 | 0.651 | 6.653 | <.001 | واتادارە |

| برگەکان | کۆمەڵەn=150 | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی t | P-Value | ئاستی واتاداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.220 | 0.419 | | | |
| Y2_5 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.585 | 0.499 | 12.698 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.220 | 0.475 | | | |
| Y2_6 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.512 | 0.553 | 8.966 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.463 | 0.505 | | | |
| Y2_7 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.195 | 0.511 | 7.797 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.341 | 0.480 | | | |
| Y2_8 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.927 | 0.648 | 3.42 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.488 | 0.506 | | | |
| Y3_1 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.488 | 0.637 | 10.02 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.268 | 0.449 | | | |
| Y3_2 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.220 | 0.791 | 8.491 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.098 | 0.300 | | | |
| Y3_3 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.610 | 0.586 | 3.311 | 0.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.220 | 0.475 | | | |
| Y3_4 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.878 | 0.678 | 7.084 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.073 | 0.264 | | | |
| Y4_1 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.098 | 0.831 | 4.863 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.366 | 0.488 | | | |
| Y4_2 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.732 | 0.501 | 4.129 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.293 | 0.461 | | | |
| Y4_3 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.341 | 0.656 | 6.597 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.488 | 0.506 | | | |
| Y4_4 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.732 | 0.449 | 12.207 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.390 | 0.542 | | | |
| Y4_5 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.488 | 0.553 | 15.494 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.049 | 0.218 | | | |
| Y4_6 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 1.805 | 0.401 | 6.461 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.220 | 0.419 | | | |
| Y4_7 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.244 | 0.489 | 15.215 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.024 | 0.156 | | | |
| Y4_8 | کۆمەڵەی باڵا | 41 | 2.366 | 0.662 | 10.381 | <.001 | واتادارە |
| | کۆمەڵەی نزم | 41 | 1.146 | 0.358 | | | |

نرخی خشتەیی (t) لە ژێر 80 نمرەی ئازادی و ئاستی واتاداری 0.05 یەکسانە بە (1.99).

**ئاماژەکانی ڕاستگۆیی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون:**

ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە بە گرنگترین تایبەتمەندی تاقیکردنەوەی باش دادەنرێت ، کە مەبەست لێی توانای تاقیکردنەوەیە بۆ پێوانەکردنی ئەو شتەی کە لە پێناویدا ئامادەکراوە، نەك پێوانەکردنی شتێکی تر(عبدالحمید،2014: 258).

وە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستگۆیی پێوەرەکە توێژەر چەند ڕێگایەکی گرتۆتە بەر، کە ئەمانەن:

**1-ڕاستگۆیی ڕواڵەت ( الصدق الظاهری):**

بۆ لێکۆڵینەوە لەم جۆرە ڕاستگۆییە ، توێژەر هەڵسا بە دابەشکردنی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون بە شێوەی سەرەتایی بەسەر (23) پسپۆر و شارەزای بواری دەرونزانی و ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی ، پێوانە و هەڵسەنگاندن .

**2-راستگۆیی ناوەڕۆك:**

مەبەست لێی ئەنجامدانی پشکنینی وردە بۆ تەواوی برگەکانی تاقیکردنەوە بۆ مەزندەکردنی ئاستی وێنا کردنی ئەو ڕەفتارە دیاریکراوانەی کەوا بۆ پێوانەکردنی تاقیکردنەوەکە ئامادەکراوە ، وە ئەم ڕاستگۆییە پێویستی بە دوو شتە ، یەکەم: راستگۆیی بڕگەکان کە گرنگی دەدات بەوەی ئایا برگەکانی تاقیکردنەوە تا چ ئاستێك وێنای ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکەن، وە تا چ ئاستێك پەیوەستن بەو ئامانجانەی کە پێوانەیان دەکات، دووەم: ڕاستگۆیی پێشبین کە گرنگی دەدات بەوەی ئایا نمونەی تاقیکردنەوەکە تا چ ئاستێك گشتگیرە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە، ئینجا ئەگەر هەردوکیان ئاستیان بەرز بوو ئەوا ڕاستگۆیی ناوەرۆکی تاقیکردنەوەکە بەهێز دەبێت و مسۆگەر دەبێت( الضامن،2007: 113).

بۆیە توێژەر لێکۆڵینەوەی کرد لەم جۆرە راستگۆییە لە ڕێی ئەو ڕێکاریانەی کە ئەنجامیدا لە داڕشتنی ئامانجە ڕەفتاریەکانی و ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە لە ژێر رۆشناییەکەیدا، وە پاشان پێشکەشی کرد بە لیژنەی پسپۆران و شارەزایان بۆ دڵنیابوون لە گونجانیان لە ئەنجامدا چوار بڕگە رازیبونی لەسەر نەدرا کە لە بابەتی رونکردنەوەی برگەکانی پێوەر هەر لەم بەشەدا روون کراوەتەوە.

**3-ڕاستگۆیی گونجانی ناوەکی:**

ئەم جۆرەیان بە گرنگترین ڕێگا دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە، کە دەستەواژەیەکە بۆ هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پیرسۆن لە نێوان نمرەی گشتی هەر برگەیەك لە بڕگەکان لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە (عبدالمالك،2010: 115 ). وە توێژەر بۆ بەدەست هێنانی ئەم جۆرە هەڵسا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نمونەی شیکردنەوەی ئاماری کە پێکهاتبوو لە (150) منداڵ ، دواتر هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەست بوونی پیرسۆن بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماریspss لە نێوان نمرەی هەر برگەیەك لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە.

| هاوکۆڵکەی پەیوەستبون لەگەڵ نمرەی گشتی | بڕگەکان | هاوکۆڵکەی پەیوەستبون لەگەڵ نمرەی گشتی | برگەکان | هاوکۆڵکەی پەیوەستبون لەگەڵ نمرەی گشتی | برگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| .513(HS) | Y3_4 | .463(HS) | Y2_3 | .371(HS) | Y1_1 |
| .429(HS) | Y4_1 | .486(HS) | Y2_4 | .419(HS) | Y1_2 |
| .384(HS) | Y4_2 | .659(HS) | Y2_5 | .231(HS) | Y1_3 |
| .510(HS) | Y4_3 | .584(HS) | Y2_6 | .414(HS) | Y1_4 |
| .720(HS) | Y4_4 | .521(HS) | Y2_7 | .444(HS) | Y1_5 |
| .706(HS) | Y4_5 | .256(HS) | Y2_8 | .641(HS) | Y1_6 |
| .463(HS) | Y4_6 | .663(HS) | Y3_1 | .297(HS) | Y1_7 |
| .623(HS) | Y4_7 | .590(HS) | Y3_2 | .523(HS) | Y2_1 |
| .661(HS) | Y4_8 | .331(HS) | Y3_3 | .355(HS) | Y2_2 |

نرخی خشتەیی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون = 0,159

لە خشتەی سەرەوە ڕوووندەبێتەوە کە گشت بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندیەکی بەهاداری ئامارییان هەیە لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە، بەم شێوەیە توێژەر توانی لەم لایەنەوە ڕاستگۆیی گونجانی ناوەکی بۆ پێوەرەکە بەدەست بهێنێت.

**جێگیری تاقیکردنەوە:**

جێگیری یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتیەکان کە وردبینی پیشان دەدات ، وە رادەی ئەوە پیشان دەدات کە ئەو تاقیکردنەوە چەند پێوەندی بە خۆیەوە هەیە، بۆیە هەر چەند تاقیکردنەوەکە جێگیرتر بێت ئەوا زیاتر باوڕپێکراوترە و زیشت پێبەستراوتر دەبێت (عمر و ئەوانی تر،2010: 416)، مەبەست لە جێگیریش بەدەستهێنانی هەمان ئامانجە لەکاتی دووبارەکردنەوەی پێوانەکردنەکە بە بەکارهێنانی هەمان پێوەر لەسەر هەمان نمونە، وە لە هەمان بارودۆخ یان بارودۆخێکی هاوشێوە تا بەرزترین ئاست کە لە تواناد‌ا بێت ( أبو العلا،2016: 83) ، وە چەمکی جێگیری ئاماژە دەکات بۆ ئاستی جێگیری ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکە ، لەبەر ئەوەی کرداری دۆزینەوەی جێگیری بریتی یە لە هەژمارکردنی پەیوەست بوون لە نێوان ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە زیاتر لە هەڵوێستێك یان حاڵەتێك ( عدس،1999: 501).

وە توێژەر بۆ پێوانەکردنی جێگیری تاقیکردنەوەی پێوەری بەهای هاونیشتیمانی بوون هەڵسا بە بەکارهێنانی ڕێگای ئەلفا کرونباخ (Cronbach s Alpha) ئەوەبوو لە ئەنجامدا بەهای جێگیری تاقیکردنەوەکە گەیشتە( 0.986) ، هەر بۆیە بۆمان دەرکەوت کە تاقیکردنەوەکە پلەیەکی جێگیری گونجاو و بەرزی هەیە.

7-3 هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

1-ناوەندی ژمێرەیی

2-لادانانی پێوەری

3-تاقیکردنەوەی تائی t-test

4-هاوکۆڵکەی پەیوەستی پیرسون

5-ألفا کرونباخ

Fisher-Freeman-Halton Exact Test-6

**4 : پرۆگرامی فێرکاری**

**1-4پرۆگرامی فێرکاری:**

بە شێوەیەکی گشتی ماناو چەمکی پرۆگرام گەلێك پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە لە لایەن شارەزایان و زانایانی بواری پەروەردە ، ئەمەش بەهۆی جیاوازی بیروڕاو تیۆری و بنچینە فەلسەفیەکان و شێوازی ژیان و پێداویستیە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکان و هەروەها ڕەهەندی مێژووی و ئەو گۆرانکارییانەوە دێت کە لە تێروانین بۆ پرۆگرامی کۆن و نوێ یان هاوچەرخ هاتونەتە کایەوە (الکاظمی،2018: 22)

**2-4بنەماکانی بنیاتنانی پرۆگرامی فێرکاری:**

سەرچاوە پەروەردەییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پرۆگرامی فێرکاری پێویستە ڕەچاوی چەندین بنەمای گرنگی رێگاکانی فێربوون بکات، لەوانەش جۆری ئەو زانیارییانەی کە مامۆستا پێشکەشی دەکات هەروەها فەلسەفە و تێروانینی کۆمەڵگا سەرەڕای ڕەچاوکردنی توانای ئابوری و مرۆیی لە پرۆسەی فێرکردندا( الحیلە ،1999: 64)

وە توێژەر بنەمای بنیاتنانی ئەم پرۆگرامەی لەسەر چوار بنەمای سەرەکی دارێژتووە کە ئەمانەن:

1 : بنەما گشتیەکان

-ناوەڕۆکی بەرنامەکە ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی کە چاوەڕێی دەکەن.

-جۆراوجۆربوون لە ستراتیژییەکانو ئامرازە بەکارهێنراوەکان.

-بەکارهێنانی بێژەو دەستەواژەی روونو رەوان کە منداڵ بە ئاسانی لێی تێبگات.

-بڵاوکردنەوەی کەشی خۆشیو چێژوەرگرتن لە چالاکییەکە، کە یارمەتیی تێگەیشتنو بەدەستهێنانی چەمكو کارامەییە خوازراوەکان دەدات.

-پلەپلەیی لە دانیشتنەکان لە ئاسانەوە بۆ گرانتر.

2: بنەما پەروەردەیی و دەروونیەکان

توێژەر رەچاوی ئەوەی کردووە کە بەرنامەکە گەشە بە بەهای هاونیشتیمانیبوون بدات لای منداڵان لە تەمەنی (5-6) ساڵان، لە رووی زانینی تایبەتمەندییەکانی قۆناغی تەمەنو پێداویستییەکانیانو ئامادەباشییەکانو مەیلو ئارەزوو و هێزو تواناییان، هەروەها رەچاوکردنی جیاوازییە تاکە کەسییەکانی نێوانیان، ئەوەش لە رێگەی هەمەجۆربوونی چالاکییە هونەرییەکانەوە، وەکو: (وێنەکێشانو رەنگ کردنو برینی وێنە و چیرۆکی ڕەنگاو ڕەنگ و شانۆی بوکەڵە و شانۆگەری و کاری دەستی و ....هتد)، تاکو لەگەڵ تواناو مەیلو ئارەزووەکانی هەر منداڵێكو جیاوازیی نێوان هەردوو رەگەزو رەچاوکردنی ئەوەی کە چالاکییەکە لەگەڵ ئەوەدا بگونجێتو بسازێت. بەرنامەکە لە سەر کۆمەڵە بنەمایەکی پەروەردەییو دەروونی بونیاد دەنرێتو دادەڕێژرێت، لەوانەش: هاندانی منداڵ لەسەر بەشدارکردنی لە چالاکییە پێشکەشکراوەکان لە میانی بەرنامەکەوەو بەکارهێنانی ستراتیژییە هەمەڕەنگەکانی وەکو گفتوگۆو مشتومڕی نێوان توێژەرو منداڵان، لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازەکانی بەهێزکردنو کارکردنی بەکۆمەڵ .

3 : بنەما کۆمەڵایەتییەکان:

وانەکان جۆراوجۆربوون لە نێوان چالاکی تاکە کەسیو چالاکیی بە کۆمەڵ، تاکو منداڵ بتوانێت ئەوەی بۆ خودی خۆی مەبەستیەتی بیهێنێتەدی، ئەوەش لە میانی ئەنجامدانی چالاکییە تاکە کەسییەکانو هاوکاریو هەرەوەزیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە لە چالاکییە بە کۆمەڵەکانو کارلێك کردن لەگەڵیاندا.

4: بنەما ژینگەییەکان:

بریتین لەو بنەمایانەی کە توێژەر تیایدا رەچاوی زەمینەسازی کرد بۆ سازدانو ئامادەکردنی کەشی ژینگەیی گونجاو. لە رووی شوێنو ئامرازەکانو سازو ئامادەکردنی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا وانەکان ئەنجام دەدرێن بە جۆرێك دەبێ رێکوپێکو ئارامو ئاسوودەو گونجاو بێت بۆ پیادەو جێبەجێکردنی بەرنامەکە.

**4-3پلانی گشتی پرۆگرام:**

پرۆگرامەکە لە (16) وانەی فێرکاری پێکهاتووە لە ناویشیاندا دەستپێكو کۆتاییەکەیشی هەیە، هەروەها تەوەرە بنچینەییەکانی جێبەجێکردنیش دەگرێتەوە کە بریتین لە: ناونیشان (بابەتی وانەکە)، ئامانجی گشتی وانەکە، ئامانجە رەفتارییەکانی وانەکە، ماوەی جێبەجێکردنی وانەکە، کەرەستەو ئامرازە پێویستییەکانی جێبەجێکردن، ئەو شێوازەی لە کاتی جێبەجێکردندا دەگیرێتەبەر، ، چالاکی و وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی وانەکە ، پاشانیش هەڵسەنگاندن. بە داکەوتەی سێ دانیشتن لە هەر هەفتەیەك، بەرنامەکەش لە هۆڵێکی تایبەتی باخچەکە جێبەجێو پیادە دەکرێت بە چەندین چالاکی هونەری جۆراو جۆر.

**5: دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار**

**1-5 دەرئەنجام**

بە مەبەستی پشت ڕاستکردنەوەی بەهای هاونیشتیمانیبوون بۆ منداڵانی باخچە لەسەر نمونەی شیکردنەوەی ئاماری (150) منداڵ کە تێیدا ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە یەکسانە بە (45.53) وە لادانی پێوەری یەکسانە بە (9.988) ، هاوسەنگ کرا لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی پێوەری بەهای هاونیشتیمانیبوون کە یەکسانە بە (54) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی t.test بۆ یەك نمونە ، کە بەهای تائی ژمێردراو یەکسانە بە (11.537 -) کە گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی کە یەکسانە بە (1.976) بە نمرەی ئازادی (149)، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە لە رووی ئامارییەوە بەهاردارە ، کە ئاماژەیە بۆ ئاست نزمی بەهای هاونیشتیمانیبوون لە لای منداڵانی باخچە.

ئەم خشتەی خوارەوە زیاتر ئەمە روون دەکاتەوە:

| گۆڕاو | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | P-Value | ماناداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای هاونیشتیمانیبوون | 150 | 45.53 | 9.988 | 54 | -11.537 | <0.001 | ماناداری سالبە لە بەرژەوەندی گریمانەیی |

بەهای تائی خشتەیی = 1.976

**2-5 ڕاسپاردە:**

1-لیژنەی دانانی پرۆگرامەکان لە باخچە ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی سوود لە پرۆگرامەکە وەربگرن.

2-ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی بۆ چاپکردنی پرۆگرامەکە و دابەشکردنی بەسەر مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

**3-5 پێشنیار:**

ئەنجام دانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بۆ گەشە پێدانی بەها کۆمەڵایەتیەکان لە لای منداڵانی باخچە.

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوەی کوردی:**

1 - ابراهیم، شاڵاو عبدالله (2022) پرۆگرامێکی فیرکاری پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویە کۆمەڵایەتیەکان لای (منداڵانی باخچە)، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

**سەرچاوەکانی عەرەبی:**

2- أبو العلا، بلال صلاح الدين (2016)، اثر استراتيجية (فكر، زاوج، شارك) في تنمية المفاهيم ومهارات التفكير الاستدلالي بالتربية الاسلامية لدى طلاب الصف التاسع الاساسي بغزة، قسم المناهج وطرق التدريس – كلية التربية ، جامعة الاسلامية – غزة.

3- بدر، أحمد (1994) ، أصول البحث العلمي ومناهجه، المكتبة الأكاديمية، الدوحة ، قطر.

4- التل، زينب مزاحم(2004). المسؤولية الاجتماعية لدى طلبة جامعة الموصل، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية ، جامعة الموصل.

5- الجلاد ،ماجد زكي(2005) تعلم القيم وتعليمها تصور نظري وتطبيقي لطرائق واستراتيجيات تدريس القيم، كلية التربية ، جامعة اليرموك، دار المسيرة، دولة الامارات العربية المتحدة.

6- حماد، نهلة (2020): مواكبة مؤسسات رياض الأطفال بالمملكة العربية السعودية لمتطلبات التنمية المستدامة دراسة وصفية، مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات التربوية ، المجلد24.

7- الحيلة ،محمد محمود(1999)، التصميم التعليمي نظرية وممارسة، دار المسيرة للتوزيع والنشر، عمان ، الاردن.

8- الحيلة، محمد محمود(2002): التربية الفنية وأساليب تدريسها، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة(الطبعة الثانية)،عمان،الأردن.

9- خضر، بتول جعفر(2020). أثر برنامج إرشادي باسلوبي الإرشاد الواقعي والعلاج العقلاني الانفعالي السلوكي في تنمية القيم الاجتماعية لدى تلاميذ مدرسة التعليم المسرع الابتدائية ، أطروحة دكتوراه غير منشورة ، جامعة ديالى، كلية التربية للعلوم الإنسانية.

10- الرفاعي، غالية بنت حامد بن رشد(2015). دور معلمات رياض الأطفال الحكومية في تنمية قيم المواطنة لدى الأطفال: تصور مقترح، مجلة كلية التربية ، مجلد 34، العدد 164، الجزء الثاني ، جامعة الأزهر.

11- الزهراء ، فضلون(2018). مساهمة الأسرة في تنمية قيم المواطنة عند الأطفال ، مجلة السراج في التربية وقضايا المجتمع، جامعة أم البواقي ، العدد 7 الجزائر.

12- سعد ، رضوي محمد خيرت(2016) فاعلية الأنشطة الإبداعية في تنمية قيمتي التعاون والحترام لدى الطفل الروضة، مجلة البحث العلمي في التربية، العدد 17 ، جامعة عين الشمس، مصر.

13- سعيد ، شهد رافع عبدالرزاق سعيد(2021): أثر استخدام برنامج مقترح بالألعاب الصغيرة في تنمية بعض قيم المواطنة لدى أطفال الرياض بعمر (5-6) سنوات، اطروحة ماجستير غير منشورة ، كلية التربية للبنات ، جامعة الموصل.

14- سلامة ، عبدالناصر و عبدالقادر،داللطيف (2000): فعالية برنامج في الأنشطة اللغوية لتأكيد الانتماء وتنمية الاتجاه نحو التنشئة لدى طفل ما قبل المدرسة ، مجلة دراسات في المناهج وطرق التدريس، المجلد 2 ، الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريب.

15- صليوة،سهى نونا(2005)، تصميم البرامج التعليمية لأطفال ما قبل المدرسة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

16- الضامن، منذر عبدالحميد (2007)، أساسيات البحث العلمي، كلية التربية – جامعة السلطان قابوس، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن

17- عبدالقادر، هند عبدالعزيز محمد(2017)، فاعلية برنامج قائم على استراتيجية لعب الأدوار في تنمية قيم المواطنة لدى تلاميذ الحلقة الأولى من التعليم الاساسي. بحث تكميلي من متطلبات نيل درجة دكتوراه، كلية التربية ، قسم المناهج وطرق التدريس، جامعة الحلوان.

18- العطار، محمد محمود العطار (2017): دور الأسرة و رياض الأطفال في تنمية قيم المواطنة لدى الأطفال في مرحلة ما قبل المدرسة في المملكة العربية السعودية، مجلة جامعة الباحة للعلوم الإنسانية ، المجلد (2)، العدد(11)، المملكة العربية السعودية.

19- علي ، ناريمان محمد عبدالشفيع منصور علي(2021): استخدام الأنشطة الفنية لتحسين حالات عسر القراءة لدى الأطفال ذوى صعوبات التعلم، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية التربية للطفولة المبكرة ، جامعة القاهرة.

20- عبدالحسين ، حنان عزيز(2020)، دور التربية في تعزيز قيم المواطنة لدى الأطفال من خلال العملية التفاعلية الحياتية في المؤسسات التربوية ، مجلة البحوث التربوية والنفسية ،المجلد (17)، العدد (46).

21- عمر، محمود أحمد و فخرو،حصة عبدالرحمن و السبيعي، تركي و تركي، آمنه عبدالله(2010) ، القياس النفسي و التربوى ، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان- الاردن.

22- علي، محمد سرحان (2019) ، مناهج البحث العلمي،ط1، دار الكتب للنشر والتوزيع، صنعاء اليمن.

23- العساف ،صالح بن حمد (1995)، مدخل الى البحث في العلوم السلوكية ،ط1، مكتبة العبيكان للنشر، الرياض – السعودية.

24- عبدالحميد، حنان (2014)، علم النفس التربوي، ط5، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

25- عبدالمالك، سليم محمد (2010) ، أثر توظيف إستراتيجية (فكر-زاوج-شارك) على تنمية مهارات التفكير المنطقي في العلوم لدى طلبة الصف الثامن الأساسي ، كلية التربية ، الجامعة الاسلامية، غزة – فلسطين.

26- عدس، عبدالرحمن (1999)، علم النفس التربوي ( نظرة معاصرة)، ط2، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

27- كريم، وفاء قيس(2014). قيم الانتماء الوطني لدى أطفال الرياض (دراسة مقارنة بين اطفال المحرومين وغير المحرومين من احد الوالدين). مجلة الاستاذ، مركز ابحاث الطفولة والامومة ، جامعة ديالى، عدد208، مجلد الثاني، رقم صفحات 275-296.

28- الكاظمي ، هيام مهدي جواد (2018) بناء برنامج تعليمي – تعلمي وفقا للستراتيجيات المعرفية لتعلم طالبات الصف الاول المتوسط واثره في الفهم المرن وتحصيلهن في الرياضيات ، اطروحة دكتوراه، كلية التربية للعلوم الصرفة/ ابن الهيثم ، قسم العلوم التربوية والنفسية، جامعة بغداد.

29- المعمري ، سيف بن ناصر(2014): التربية من اجل المواطنة في دول مجلس التعاون لدول الخليج العربية الواقع والطموحات ، مجلة رؤى استراتيجية ، سلطنة عمان.

30- مزيد،زينب خنجر(2012): تأثير برنامج تعليمي في تنمية مهارات الاستماع النشط لدى اطفال الرياض ، مجلة الأستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية، العدد(203)، جامعة بغداد ، كلية التربية الاساسية.

31- مزوز،عبدالحليم و حورية،ترزولت عمروني(2016):الأنشطة الفنية :مفهومها،أهدافها النظريات لها والدوافع الفنية للمتعلمين، المجلة علوم الإنسانية والإجتماعية، العدد(26)، جامعة قاصدي مرباح و رقلة، الجزائر.

32- محجوبي، عبدالقادر(2011). مفهوم الأمانة في القرآن الكريم والحديث الشريف ، دار ابن حزم ، الطبعة الأولى، بيروت ، لبنان.

33- محمد، أسامة خلاف محمد(2013) دراسة تحليلية للقيم في منهج رياض الأطفال السعودي، المجلة الدولية التربوية المخصصة، جامعة الباحة، المجلد(2) ، العدد (3) ، كلية التربية – قسم رياض الأطفال.

34- المولدية، نور ليلة(2019)، تحليل جودة أسئلة التمرينات للمستوى الأول في كتاب اللغة العربية للفصل الثامن على المناهج الدراسية 2013 تأليف الدكتور هداية، كلية علوم التربية والتدريس – جامعة والي ساغا الاسلامية الحكومية سماراغز الاندنوسيا.

35- الهنداوي ، علي فالح(2002): علم نفس النمو الطفولة والمراهقة ، دار الكتاب الجامعي ، العين، الإمارات العربية المتحدة.

**سەرچاوەی بیانی:**

36- Sounoglou, M. and Michalopoulou, A. (2017). Early Childhood Education Curricula: Human Rights and Citizenship in Early Childhood Education. Journal of Education and Learning; Vol. 6, No. 2. ISSN 1927-5250 E-ISSN 1927-5269. Published by

37- Kayaalpa, F. (2021). Reconsidering the citizenship education in Turkey:Is citizenship education possible in preschools?. International Journal of Curriculum and Instruction, 13(3), pp. 2039–2071.

38- Xie, H. (2010). **Practical study on artistic activities in middle group of Kindergarten** (Order No. 10441906)

39- -Zhou, Y. (2011) . Art education pre-school children of the family (Order No.10548642**). Available from ProQuest Dissertations& Theses Global**. (1874926654).

40- Daignault,L.(1996) . Children's creative Musical Thinking within the context of computer – supported Improvisational Approach to composition. Doctoral Dissertation, North western university, Boston, Massachusetts, USA.

41- Gary, F. & Susan, A. (2014) **Cultural anthropology: An applied perspective.**

### أثر برنامج تعليمي قائم على الأنشطة الفنية في تنمية قيم المواطنة لدى أطفال الرياض

**رازاو ابوبكر علي** **سلوى احمد امين**
قسم رياض الأطفال ، كلية التربية الأساس – جامعة صلاح الدين - أربيل
Razaw.Ali@su.edu.krd salwa.ameen@su.edu.krd

**ملخص**

يهدف البحث الحالي الى التعرف على المستوى قيم المواطنة لدى أطفال الرياض ، حيث استخدمت الباحثة منهج تجريبي لانها يتناسب مع طبيعة البحث و اهدافه، يتكون مجتمع البحث من اطفال المستوى الثاني في الروضات الحكومية في مركز محافظة أربيل، اما عينة البحث تكون من (30) طفلاُ و طفلة في العمر (5-6) سنوات في روضتان هما ( روضة رەنگین و روضة نسار) الحكومية في مركز محافظة أربيل،وللتوصل الى نتائج البحث استخدمت الباحثة بعض الوسائل الإحصائية كالوسط الحسابي، وانحراف المعياري، واختبار التائي T.test، ومعامل ارتباط بيرسون، ومعامل ألفاكرونباخ،ومن اهم ما النتائج التي توصلت اليها الباحثة أن مستوى قيم المواطنة لدى أطفال الروضة كانت متدنية، وفي نهاية البحث وفي ضوء النتائجه وضعت الباحثة بعض التوصيات والمقترحات المتعلقة بنتائج البحث الحالي .

**الكلمات المفتاحية:** برنامج تعليمي، الأنشطة الفنية، قيم المواطنة، رياض الأطفال.

### The effect of a learning program based on art activity to develop value of citizenship among children of kindergarten

**Salwa Ahmed Amin** **Razaw Abubakir Ali**
Department of kindergarten, College of Basic Education, University of Salahaddin-Erbil
salwa.ameen@su.edu.krd Razaw.Ali@su.edu.krd

**Abstract**

The purpose of this research is to know the level of citizenship value from children of kindergarten, and researcher used an experience approach that compatible with nature of research. The research's community consists of the children of second level of governmental kindergartens in the center of Erbil prefecture. The sample of the research consists of 30 children (male and female) with 5 to 6 years of age from both (Rangin and Nsar) governmental kindergarten in the center of Erbil prefecture. The used statistics tools are median, standard deviation and T-test, also, coefficient of personal connection and coefficient of alpha Cronbach. The researcher reached a result that level of citizenship value is low among children in kindergarten. In addition, depending on the results the researcher found some recommendations and suggestions that related to this research.

**Keywords:** a learning program, art activity, citizenship value, kindergarten.